دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٩٤، شەممە ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٤ی فێبریەی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com


- یادی ٧١ ساڵەی کۆماری کوردستان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات بەرز ڕاگیرا ل٢
- ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو ل٢
- ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ حوکمی ئێعدام و زیندانی درێژماوەی هاووڵاتییانی کورد ل٣




تا ڕۆڵەیەکی کورد بمێنێت، خەباتی کورد زیندووە ٤



قسەیەکی خۆمانە لەگەڵ بەڕێز کاک عومەر ئیلخانیزادە ٦



نیشانەناسیی ڕاسان وەک شەڕی نوێ ٧



گۆڕینی ڕێژیمی ئێران لە لایەن دەوڵەتی ئامریکاوە ١٠

# وەگەڕکەوتنەوەی گەمارۆکان لەدژی ئێران

وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا ٢٥ کەسایەتیی حەقیقی و حقوقیی بەهۆی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی مووشەکیی ڕێژیمی ئێران و سپای قودس، لە پێرستی گەمارۆ پێوەندیدارەکان بە وڵاتی ئێران زیاد کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی "سی ئێن ئێن"، وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا ڕۆژی هەینی ١٥ی ڕێبەندان، ١٣ کەسایەتی حەقیقی و ١٢ کۆمپانیای، بەهۆی فرۆشتن یان هەوڵدان لەمەڕ فرۆشتنی تەکنۆلۆژی و پێداویستییە پێوەندیدارەکان بە بەرنامەی مووشەکە بالستیکەکانی ئێران، خستە نێو پێرستی گەمارۆکانی خۆیەوە. هەندێ لەو کەسانە یان ئەو ناوەندانە پشتگیرییان لە سپای تێرۆریستی قودسی ئێران کردووە و یان نوێنەرایەتییان کردووە. هەندێ لەو کۆمپانیاگەلە لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، لوبنان و چین چالاکی دەکەن.پێش لەوەش ڕاگەیەندرابوو کە دەوڵەتی نوێی ئامریکا بە دەستووری دۆناڵد ترامپ، گەمارۆی نوێی زیاتر لە دژی کەسان و ناوەندە ئێرانییەکان، و یان پێوەندیدار بە ئێران، کە لە سەردەمی ئۆبامادا گەمارۆیان خرابووە سەر، پەسەند دەکرێت. ئەم گەمارۆیانە هیچ پێوەندییەکیان بە ڕێککەوتنی ناوکی ئێران و وڵاتانی ١+٥ نییە.

بەپێی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا ئەو کۆمپانیاگەلەی گەمارۆیان خراوەتەسەر بریتین لە: "شرکت ستاره شرقی، شرکت آرین دانش، شرکت ساختمانی-تجاری ماهر، شرکت تجاری-انرژی میراژ، شرکت بین‌المللی ام کی اس، شرکت صادرات و واردات نینگبو، شرکت داریا افق سبز، شرکت داروسازی ریم، شرکت رویال پرل[لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی]، شرکت زیست تجهیز پویش، شرکت تجاری کاسالینگ، Mirage for Waste Management و Environmental Services sarl".

پێرستی ئەو کەسایەتییانەش کە گەمارۆیان خراوەتە سەر بەم شێوەیە ڕاگەیەندراوە: "حاج یەحیا، عەبدوڵڵا ئەسغەرزادە، تەنی شاخدارییان، حەسەن ئیبراهیمی، محەممەد قەرحەت، محەممەد مەقام، کامبیز ڕۆستەمییان، عەلی شەریفی، کین شین هۆوا، ڕیچارد یوو، مستەفا زاهێدی، قودرەت زەرگەری و کارۆل ژائۆ".



## ناوشکێنی ئامریکا ڕەوانەی بابولمەندەب کرا

لە دوای هەوڵی پاپۆڕە توندڕەوکانی حوسییەکان بۆ نائەمن کردنی گەرووی بابولمەندەب، ناوشکەنێکی ئامریکا ڕەوانەی ناوچەکە کرا. هەواڵدەریی ڕۆیتێرز لە زاری بەرپرسانی ئامریکایی بڵاوی کردووەتەوە کە؛ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دوای بەرزبوونەوەی ئاڵۆزییەکان لە نێوان تاران و واشنگتۆن و بۆ پاراستنی ڕێگا ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە بەرانبەر تەقەی حوسییەکان، ناوشکێنێکی هێزی دەریایی بۆ کەنارئاوەکانی یەمەن ناردووە. دوو بەرپرسی ئامریکایی کە نیانویستووە ناویان ئاشکرا بکرێت، گوتوویانە؛ ناوشکێنی "یو.اس. اس کول" گەیشتووەتە نزیک گەرووی بابولمەندەب لە باشووری ڕۆژئاوای یەمەن و بەرپرسایەتی گەشتە دەریاییەکان و پشتیوانی لەو کەشتییانە کە لە هاتوچۆدان لە ئەستۆ دەگرێت.

هەروەها فرانس‌پرێس لە زاری بەرپرسێکی دیکەوە ئاشکرای کرد کە؛ ناوشکێنی ئامریکایی لە دوای ئەو ڕووداوانەی بۆ ناوشکێنی عەرەبستانی سعوودی هاتە پێش، ڕەوانەی بابولمەندەب کراوە.چەند ڕۆژ پێش پاپۆڕە توندڕەوەکانی میلیشا حوسییەکان هێرشیان کردە سەر پاپۆڕێکی سعوودی لە کەنارئاوی ڕۆژئاوای یەمەن، و لە ئاکامدا تەقینەوەیەک ڕووی دا کە دوو کەس بەو هۆیەوە کوژران.ناوشکێنی ئامریکایی "یو.اس. اس کول"یش لە ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٠دا لە بەندەری عەدەن هێرشی کرایە سەر و یەک سەربازی ئامریکایی لەو کردەوەدا کوژرا.

## سەردەمی قبووڵکردنی کردەوەکانی ڕێژیمی ئێران بەسەرچووە

مایکێل فیلین، ڕاوێژکاری تەناهیی نەتەوەیی دۆناڵد ترامپ، ڕۆژی هەینی ١٥ی ڕێبەندان بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک هۆشداری دا کە؛ دەوڵەتی ئامریکا چیدیکە هەوڵە دنەدەرانەکانی ڕێژیمی ئێران، کە هەڕەشەن بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا، قبووڵ ناکات.

مایکێل فیلین لەو ڕاگەیەندراوەدا وێڕای ئاماژەکردن بەوەیکە: "کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تائێستا زیاتر لە پێویست هەڵسوکەوتی خراپی ئێرانی قبووڵ کردووە" گوتوویە: "ڕۆژانی چاوپۆشی لە کردەوە دوژمنکارانە و هەڕەشەئامێزانەکانی ئێران بەرانبەر ئامریکا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەسەرچووە".

فیلین لە ڕاگەیەندراوەکەیدا وێڕای ئاماژە کردن بە گەمارۆکانی ئەمدواییانەی ئامریکا لەدژی ئێران جەختی کردەوە کە: "کۆماری ئیسلامیی ئێران گرینگترین وڵاتی پشتیوانی تێرۆریزمە و پشتگیریی لەو چالاکییە توندوتیژانە دەکات کە سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکدەدەن و لەو چالاکییانەدا بەشداریی دەکات. وێڕای ڕێککەوتنی دەوڵەتی ئۆباما لەگەڵ ئێران کە لە بەرژەوەندیی ئێراندا بوو، ئەم کردەوەگەلە بەردەوامن. گەمارۆکانی ئەمڕۆ ئەم کردەوانەی ئێرانی کردۆتە نیشانە".

ڕاوێژکاری تەناهیی نەتەوەیی دۆناڵد ترامپ گوتیشی: "لەو کاتەوە کە ڕێککەوتنی ناوکی پەسەند کراوە، هەڵسوکەوتی هێرشبەرانە و نایاسایی ئێران پەرەی سەندووە".لە لایەکی دیکەشەوە، جێیمز ماتیس، وەزیری بەرگریی ئامریکا ڕۆژی شەممە لە میانەی سەفەرەکەیدا بۆ وڵاتی ژاپۆن، هۆشداری دا کە؛ ئێران "سەرەکیترین دەوڵەتی پشتیوانی تێرۆریزمە لە جیهاندا".

هاوکات، دۆناڵد ترامپ، سەرۆک کۆماری ئامریکاش بەڵێنی دا کە؛ لەبەرانبەر ڕێژیمی ئێراندا سیاسەتێکی هێرشبەرانە بگرێتەبەر، و هۆشداری دا کە لە ئەگەری بەردەوامیی ئێران لە بەرنامە مووشەکییەکانی و دەست هەڵنەگرتنی لە دەستێوەردان لە ململانێ و کێشە ناوچەییەکان، لەگەڵ هەڵوێست و کردەوەی لێبڕاوانەی ئامریکا بەرەوڕوو دەبێتەوە.

سەرۆک کۆماری ئامریکا لە پەیامێکی تویتێرییدا نووسیبووی: "ئێران یاری بە ئاگر دەکات" و جەختی کردبووەوە کە؛ لەبەرانبەر ڕێژیمی ئێراندا "هەڵسوکەوتی مێهرەبانانەی" باراک ئۆباما ناگرێتەبەر.

## پەیڤ

### ڕاسان و لایەنە سیاسییەکان

**کەریم پەرویزی**

ئەزموونی حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیی لە نێو لایەن و حیزبێکی سیاسیدا، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئەزموونێکی چەند دەیەیە و هەر لە هەمانکاتیشدا لە بواری پێوەندیی نێوان حیزب و لایەن سیاسییەکانەوە، ئەزموونێکی زۆرتر تاڵ و کەمتر شیرینە.

بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی کە لەم ڕۆژانەی تێیداین ٣٨ەمین ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی گەل بە سەر دەسەڵاتی ملهوڕدا دێتەوە، لە نێو کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا وەکوو شوێنەکانی دیکە لە ئێراندا، چەندین حیزب و ڕێکخراو پێکهاتن و ڕکەبەرایەتیی ئەوانەی پێشوویان دەکرد. بەداخەوە لە بەر کەمبوونی ئەزمووی کاری پێکەوەیی و دواکەتوویی کۆمەڵگا و هاتنەنێوەوەی بیرۆکەی پاوانکەرانە و بیری سڕینەوە و لەنێوبردنی ئەویتر، ماوەیەکی تاڵ لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا تۆمار کرا، کە هەمان مێژوو و بە تامی زۆر تاڵترەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا ئەزموون کراون. هەر لە هەمانکاتدا لە چەند برگەشدا ئەزموونی لێک نزیکبوونی هەندێک حیزب و دۆستایەتیی هەندێک، لە بیرەوەریی سیاسیی کوردستاندا هەیە. ئێستا کە وەرزێکی دیکەی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەست پێدەکاتەوە و فەسڵێکی دیکەی مێژوو دەنووسرێتەوە، پێویستە کە حیزبی بوون و پێوەندیی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێ بنێتە قۆناغێکی دیکەوە.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات، هەرچەند ڕەنگە حیزبێک دەستی پێکردبێ، بەڵام ڕاسانی گرووپێکی تایبەتی و حیزبێکی تایبەتی نیە، چوونکە کوردستان موڵکی پاوانکراوی کەس نیە و سەردەمی حیزبی هەمەلایەنگیر و پەڕاوپەڕی، کە خۆی لە باتی هەموو کۆمەڵگا و جیهان ببینێ، دوای ڕووخانی دیواری بێرلین بەسەر چووە! کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش وەکوو هەموو کۆمەڵگایەکی جیهان پڕە لە ڕەنگی جیاواز و ئیدە و خولیای جیاواز. لەم کۆمەڵگایەدا هەر حیزب و گرووپێکی سیاسی و مەدەنی و کولتووری و کۆمەڵایەتی، خۆی بە نوێنەری ویست و خولیای کۆمەڵێک کەس و چین و توێژێک دەبینێ و بە بەشداریی هەموو هێز و تواناکانەوەیە کە خەباتی کوردستان بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە ئازادی گەشە دەستێنێ و لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات واتە خەباتی

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# یادی ٧١ ساڵەی کۆماری کوردستان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات بەرز ڕاگیرا

بۆ دووهەمین ساڵ، خەباتگێڕانی مەتەرێزی شاخەکانی کوردستان، خانەخوێی بەڕێوەچوونی ساڵڤەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون.

ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی بەفرانبار، ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە بەشداریی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران دانیشتووی هەرێمی کوردستان، لە شاخە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سرووودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێك بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی سەبارەت بە ڕۆڵی کۆماری کوردستان، لەو ڕێوڕەسمەدا پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

کەریم پەرویزی لە وتەکانیدا وێڕای ئاماژە بە ڕۆڵی مێژوویی کۆماری کوردستان لە مێژووی بەرخۆدانی نەتەوەیی کورددا، ڕایگەیاند: ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات خۆمان بە درێژەدەری ڕێگای کۆماری کوردستان دەزانین و هەتا وەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەو کۆمارە درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین.

ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا، ئاماژەی بە قۆناغێکی دیکە لە خەباتی نوێی نەتەوەیی کورد لە ژێر ناوی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" کرد و پێویستیی درێژەدان بەو قۆناغە نوێیە لە خەباتی دووپات کردەوە.

ناوبراو هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی نەرێنی و دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەدا کرد و چەند وتەیەکی لەو پەیوەندییەدا پێشکەش بە بەشداربووانی ئەو ڕێوڕەسمە کرد.

کەریم پەرویزی لە کۆتایی وتەکانیدا ڕایگەیاند: بەرزڕاگرتنی یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاخەکانی کوردستان نیشانەی ئیرادەی بەهێز و پۆڵایینی نەتەوەی کورد بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستانە کە بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەو کۆمارە خەبات دەکات.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، گرووپی موسیقای ڕاسان چەند سرودێکی حەماسییان پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا "مامۆستا بێبەش" پێشمەرگەی شاعێر، چەند پارچە هۆنراوەیەکی حەماسیی بە بۆنەی ٧١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێشکەش کرد.

دواتر، هونەرمەند جەلال شریت لەو ڕێوڕەسمەدا چەند گۆرانییەکی پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرد. ئەو ڕێوڕەسمە بە شایی و هەڵپەڕکێی بەشداربووان پاش دوو کاتژمێر کۆتایی هات.

# ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوە چوو

٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ناوەندی ٣ی کوردستان و هەروەها میوانان، لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سرووودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان "سدیق دەرویشی"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند وتەیەکی بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا سروودێکی شۆڕشگێڕانە لەلایەن منداڵانی ناوەندی ٣ی کوردستان بە هاوکاریی کۆڕی مووزیکی حیزبی دێموکرات پێشکەش کرا.

دواتر "ژیلا موستەئجێر" ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمی بەرز ڕاگرتنی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، شاعیر مامۆستا بێبەش پارچە شێعرێکی بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان پێشکەش کرد.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا سروودێکی دیکە لە لایەن منداڵانی ناوەندی ٣ پێشکەش کرا.ئەو ڕێوڕەسمە بە شایی و هەڵپەڕکێی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

# ساڵڕۆژی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سنەی قارەمان، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەو ڕۆژەیان بەڕێوە برد.

ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٧١ ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری سنە بەڕێوە چوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سرووودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەڕێوە چوو.

پاشان یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات پەیامێکی بەم بۆنەوە خوێندەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا، چەند کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەپێوەندی لەگەڵ مێژووی کۆماری کوردستان و ڕاسانی ڕۆژهەڵات وتەیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا، یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات چەند پارچە شێعری بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.

هەروەها لەو ڕێوڕەسمەدا، فایلی دەنگیی لە وتە بەنرخەکانی شەهید دوکتور قاسملوو و چەند سروودی شۆڕشگێڕییان بە ناوەرۆکی "ڕاسان" کە لە لایەن کۆمیسۆنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئامادە کرابوو، بۆ بەشدارنی ڕێوڕەسمەکە بڵاو کردەوە.

# سێمینارێک بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە زانکۆی دهۆک بەڕێوە چوو

سێمینارێک بە بۆنەی ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە زانکۆی دهۆک بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی زانکۆی دهۆک - کۆلێژی زانستە مرۆییەکان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سێمینارێکدا کە بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان بەڕێوەچوو بەشدارییان کرد.

لەو سێمینارەدا حەسەن شەرەفی چەند وتەیەکی سەبارەت بە "کۆماری کوردستان و تایبەتمەندییەکانی" پێشکەش کرد.

ئەو سێمینارە بە بەشداریی دەیان کەسایەتی ئەکادیمی، ڕۆشنبیر و سەدان خوێندکاری زانکۆ و ڕاگەیاندنە گشتییەکان بەڕێوە چوو.

دوای پێشکەشکرانی بەڵگە و فیلمی دێکۆمێنتاریی کۆماری کوردستان، دوکتور "سەعید خددە علو" مامۆستای بەشی مێژووی زانستە مرۆییەکانی زانکۆی دهۆک، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و دواتر هەر کام لە دوکتور "حەسەن کەریم جاف" مامۆستای زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر و دوکتور "هۆزان سلێمان میرخان" لە بەشی مێژووی زانکۆی دهۆک، سەبارەت بە لایەنە جیاجیاکانی مێژووی کۆماری کوردستان و ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد قسەیان کرد.

لە کۆتایی ئەو سێمینارەدا بەشدارانی سێمینارەکە ڕا و بۆچوونی خۆیان پێشکەش کرد.

# لاوانی ڕاسان لە سنە: وەکوو پێشمەرگەکانی شار پشتیوانی لە پێشمەرگەکانی شاخ دەکەین

لاوانی ڕاسان لە شاری سنە بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پەیامێکیان بڵاو کردەوە.

لاوانی ڕاسان لە شاری سنە، لە پەیامێکدا ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان لە هەموو خەڵکی کوردستان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی کرد.

لەو پەیامەدا لاوانی ڕاسان لە شاری سنە باسیان لە مێژووی پرشنگداری کۆماری کوردستان کرد و کۆماری کوردستانیان وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا باس کرد.

ئەو لاوە شۆڕشگێڕانە لە سەر درێژەی خەبات تا گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان جەختیان کردۆتەوە.

لەو پەیامەدا لاوانی ڕاسان باسیان لە خەباتی نوێی گەلی کورد لەژێر ناوی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" بە ڕەهەندە جۆراجۆرەکانییەوە کردووە و یەکگرتوویی خەباتی "شاخ و شار" یان بە هەنگاوێکی مەزن ناوزەد کردووە.

هەروەها لەو پەیامەدا هاتووە، دەسپێکی ئەو خەباتە بە فیداکاریی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە قەرەسەقەل، بۆڕیەر و کۆساڵان و دواتر لە موکریان بوو کە دوژمنی وەلەرزە خست.

لە کۆتاییدا ئەو لاوانە ڕایانگەیاندووە: ئێمە جارێکی دیکە لەگەڵ شەهیدانی ڕاسان و شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیمان نوێ دەکەینەوە و وەکوو پێشمەرگەی شار پشتیوانی لە پێشمەرگەکانی شاخ دەکەین و بە دوژمنی خوێنڕێژ ڕادەگەیەنین کە سنە و کوردستان بۆ دوژمن دەکەینە گۆڕستان و جەهەنەم.

# چالاکیی تەبلیغیی ڕاسان لە ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو

خەڵکی قارەمانی کوردستان جیا لە بۆنە تایبەتییەکانی حیزبی دێموکرات، بەردەوام بە بۆنەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتەوە چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە دەبەن.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری پیرانشار سەبارەت بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە شیناوێ، فەلەکەی محەممەد ئەوراز، دەوروبەری تالاری خەیام، دەوروبەری دانیشگا، کۆنەخانێ، مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم، دەوروبەری فەلەکەی کشاوەرز، مەدرەسەی کار و دانش و باڵاشار و هەروەها لە نێوشار، چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام داوە.

هەروەها ڕۆڵەکانی دێموکرات و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ڕاسان لە گوندی "نێ"ی سەر بە شاری مەریوان بە بۆنەی "ڕاسان"ەوە چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام داوە و بەڵێنییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردووەتەوە.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەپێوەندی لەگەڵ حوکمی ئێعدام و زیندانی درێژماوەی هاووڵاتییانی کورد

هاونیشتمانانی بەڕێز !
کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان !
ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی سەرکوتی ڕۆڵەکانی کورد، لەم دواییانە و بەدوای بەرینبوونەوەی خەباتی کورد دژ بە سیاسەتی هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافەکانیان، دستگیر و زیندانی کردنی ئازادیخوازانی کوردی زیاتر و چڕتر کردووەتەوە.

هەر لە بەردەوامیی ئەو ڕەوتەدا، لە ڕۆژانی ڕابردوودا ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی کوردی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە بیانووی پێوەندییان بە حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بۆ ئەم ڕەفتارە ناڕەوایەی لەبەردەستدا بێ، دەستگیر و ڕەوانەی زیندانی کردوون، تا ئێستا لە ناوچەی شنۆ حوکمی زاڵمانەی لەسێدارەدان و زیندانی کردنی درێژماوەی تا ٢٥ساڵی بەسەر دەستگیرکراواندا سەپاندووە و بە ناسیاوییەک کە لە نێوەڕۆکی دژی ئینسانیی ڕێژیم هەیە، دوور لە چاوەڕوانی نییە کە حوکمی زاڵمانەی لەم جۆرە بەسەر باقی دەستگیرکراوەکاندا بسەپێنێ بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکا و پێش بە هەر چەشنە ئیعتراز و ناڕەزایەتی دەربڕینێکیان بەرانبەر بە ڕەفتاری دژی گەلیی ڕێژیم و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بگرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەو شێوە ڕەفتارە دژ بە ئازادیخوازانی کورد، داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکا دژ بەو ڕەفتارە زاڵمانەیەی ڕێژیم دژ کردەوەی گونجاو لە خۆیان نیشان بدەن و دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان هەڵبڕن. ڕوونە کە بێدەنگی لە ئاست ئەم کردەوانەی ڕێژیم بەردەوامیی لەو ڕەوتە بە دوای خۆیدا دێنێ و دەستی ڕێژیم و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئاواڵەتر دەکا.

لە هەمانکاتدا داوا لە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و کۆڕ و کۆمەڵە بەشەردۆستەکان دەکا؛ دەنگی ڕەخنە و ئیعترازی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوت و حوکمە ناڕەواکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە خەڵکی کورد بەرز بکەنەوە و لە هەر ڕێگایەکی مومکینەوە فشار بخەنە سەر ڕێژیم بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ڕەفتارە زاڵمانەکانی دەرحەق بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٩٥/١١/٠٩
٢٠١٧/٠١/٢٨

# هەڵۆکانی زاگرۆس هێرشیان کردە سەر مۆڵگەیەکی ڕێژیمی ئێران

لە درێژەی کار و خەباتی هەڵۆکانی زاگرۆس دژی ڕێژیمی داگیرکەر، هەڵۆکانی زاگرۆس لە شاری مەریوان پەلاماری مۆڵگەیەکی ڕێژیمیان دا.

بەپێی ڕاگەیەندراوی "هەڵۆکانی زاگرۆس"، شەوی هەینی لەسەر شەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندان، هاوکات لەگەڵ ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، پۆلێک لە هەڵۆکانی زاگرۆس بە گژ مۆڵگەیەکی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئێراندا چوونەوە و بۆ ماوەیەک تەقەیان لەو مۆڵگەیە کرد.

بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوە، هەڵۆکانی زاگرۆس لە گوندی "سەردۆش"ـی مەریوان پەلاماری خۆفرۆشانیان داوە و بۆ ماوەی ١٥ خولەک ئاگریان بەسەر دوژمندا باراندووە و هیچکام لە هێزەکانی ڕێژیم نەیانتوانیوە دەست بکەنەوە. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هەڵۆکانی زاگرۆس لە سەراسەری کوردستان چەندین ئۆپراسیۆنیان دژی ڕێژیم ئەنجام داوە.

هەڵۆکانی زاگرۆس ڕێکخراوێکی چەکدارییە کە لەم دووایییانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دامەزرا و لە ڕێگەی شانە چەکدارییەکانیەوە، بەپێی وتەی خۆیان بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان لە دەستی ڕێژیمی دژە گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران، چالاکی جۆراوجۆری چەکداری لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستان بەڕێوە دەبەن.

هەڵۆکانی زاگرۆس بڵاویان کردووەتەوە کە؛ هێزی چەکداری چالاکی خۆیان بە پاڵپشتی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانن و پشتیوانی لە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کاسبکار دەکەن و ناهێڵین تاوانکارییەکانی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان بێوەڵام بمێنێتەوە.

# بزووتنەوەی گۆڕان و حیزبی دێموکرات دیداریان کرد

ڕەوشی سیاسیی ئێران، عێراق و هەرێمی کوردستان لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی گۆڕاندا تاوتوێ کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرپەرەستیی دوکتور شۆڕش حاجی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێ کرا.

لەو سەردانەدا باسێکی سیاسی لە سەر ڕەوشی ئێران، عێراق و هەرێمی کوردستانی باشوور کرا و لەم باسە سیاسییەدا هەر دوولا لەو باوەڕەدا بوون بزووتنەوەی نیشتمانی و مافخوازیی کورد لەم بارودۆخە هەستیارەدا پێویستی بە یەکیەتی و یەکگرتوویی هەیە.

لە درێژەدا باسیان لەوە کرد کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد پێویستە بەو خوێندنەوە هانگاوی مێژوویی بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای خەباتی کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکان هەڵگرێت.

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا دوولایەن لەسەر پێوەندییەکان جەختیان کردوە.

# لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕێز لە ٢ی ڕێبەندان گیرا

خەڵکی تێکۆشەر و قارەمانی کوردستان بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە جۆش و خرۆشێکی بێوێنەوە ٢ی ڕێبەندان یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕادەگرن و چالاکیی جۆراوجۆری تەبلیغی بەڕێوە دەبەن.

**کامیاران:**
ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری کامیاران بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لە دەبیرستانی ڕازی، دەبیرستانی مۆعەلیم، دەبیرستانی ئوستاد شەهریار، دەبیرستانی کچانەی کەوسەر، دەبیرستانی کچانەی فاتمەی زەهرا، دەبیرستانی ڕەجایی، هونەرستانی"خوارزمی"، دەبیرستانی ڕەستگاران، کۆڵانەکانی دەوروبەری نەخۆشخانەی سینا، کۆڵانەکانی کامیارانە کۆن، دەوروبەری مزگەوتی خومەینی، شارەکی بێعسەت، دەوروبەری ئاپارتمانی شارەکی بێعسەت، ١٢میتریی تەوحید، کۆڵانەکانی دەوروبەری١٢ میتریی تەوحید و لە کۆڵان بە کۆڵانی کامیاران تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.

**مەریوان:**
قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەریوان، لە "گوڵچیر و سەردۆش"، تراکت و پۆستێری تایبەت بەم بۆنەیان چاپ و بڵاوکردەوە.

کرماشان:
لاوانی شۆڕشگێڕی کرماشان بۆ چەندمین جار لە شاری کرماشان یادی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت و لە تاقوەسان، پارکی کوهستان و شارەکی زەفەر چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**سەقز:**
تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان شەوی پێنجشەممە لە سەر هەینی لە "قشلاقی پرد" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕێژیم لە ترسی ئەنجامدانی چالاکیی تەبلیغی، لە نێو شاری سەقز حاڵەتی ئامادەباشیی ڕانەگەیەندراوی هەبووە و زۆربەی هەرە زۆری شەقام و کۆڵانەکانی شاری سەقز بەتایبەت شەقامە سەرەکییەکان، بە هێزەکانی ڕێژیم تەنرابوون.

هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە فەزای شاری سەقز تەواو ئەمنییەتی بووە، بەشێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە ٢ی ڕێبەندان و پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات و ڕاسان لە چوارچێوەی چەند تیمدا، بە شاخە بەرزەکانی ناوچەدا هەڵگەڕاون و لە لووتکەی شاخەکانی "ڕووش و جاقل" ٢ ئاگری گەورەیان وەک ڕەمزی ٢ی ڕێبەندان کردۆتەوە.

**شنۆ:**
تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری شنۆ، بە بۆنەی ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

لە شوێنەکانی وەک مزگەوت و قوتابخانەی ئاڵیاوێ هەڵکەوتوو لە سەر جاددەی شنۆ ـ نەغەدە، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەربانی مزگەوتی ئاڵیاوێ، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە جێگای ئاڵای ڕێژیم لە قوتابخانەی ئەو گوندە، شاخەکانی دەوروبەری ئاڵیاوێ، شاخی ئاسنبەر، نێو گوند، دەوروبەری جاددەی شنۆ ـ نەغەدە، گوندەکانی قرووشاوێ و خاڵتاوێ و نەرزیوێ، چالاکیی بەرینی تەبلیغی بەڕێوەچوون.

تێکۆشەرانی دێموکرات هەروەها لە چەند شوێنی دیکەی نێو گوند ئاڵای کوردستانیان بە بۆنەی ساڵڕۆژی کۆماری کوردستان هەڵکردووە و دروشمی پەیوەندیداریان لە سەر دیوار و کۆڵانەکان نووسیوەتەوە.

هەروەها لە سەر ڕێگای شنۆ، پردی ڕێگای گیسیان و ڕێگای ورمێ، یوبیلی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەڵکردبوو.

**سنە:**
ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات لە ئاویەری سنەش بە بۆنەی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و یادی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری سنە، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مزگەوتی قوبا، "موسسەی دارالاحسان"، مەیدانی ئۆرکیدە، مەیدانی ئیقباڵ و ئاویەر، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها ڕۆڵەکانی دێموکرات بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان چالاکیی بەربڵاوی تەبلیغییان لە تەنگیسەر بەڕێوە برد و بەم بۆنەوە ئاڵایەکی کوردستانیان لە مەودای ١٠٠ میتری ئەو ئاڵایەی بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە هەڵدراوە و هێشتاش هەر شەکاوەیە، لە شاخی پیرەژن هەڵکرد.

هەر بەو بۆنەوە لە شاخی پیرەژن، هەڵەزنە و نێو ئاوایی، شەوی ١ لە سەر ٢ی ڕێبەندان ئاگری پیرۆزی ئەو بۆنە کرایەوە و لە دەور و بەری ئاوایی بە دەیان تەقەی شادی کرا و دار و بەردی تەنگیسەر بە وێنە و تراکتی پەیوەندیدار، لە لایەن ڕۆڵە گیان لەسەردەستەکانی دێمۆکرات ڕازێندرایەوە.ئەم چالاکیانە بوونە هۆی دڵخۆشیی خەڵکی دێموکراتپەروەری تەنگیسەر و بە بڵاو کردنەوەی نوقڵ و شیرینی و پیرۆزبایی کردن لە یەکتری، یادی کۆماری کوردستان بەرز و پیرۆز ڕاگیرا و بەڵێنیان لەگەڵ سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و شەهیدانی ڕاسانی نوێی حیزب بە تایبەتی، نوێ کردەوە و بەم چالاکیانە ڕایانگەیاند کە؛ تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆمار و شەهیدانی کوردستان تەنگیسەر هەر سەنگەری لەگیراننەهاتوو و قەڵای دێموکرات دەمێنێتەوە.

هەروەها شێرە کچانی شاری سنەی قارەمانیش ڕێزیان لە ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان گرت.

**مەرگەوەڕ:**
ئەویندارانی ڕێگای دێموکرات لە دزەی مەرگەوەڕ بۆ چەندمین جار بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت، و وێنە وتراکتی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە و دروشمی تایبەت بەو ڕۆژەیان نووسیوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە مەرگەوەڕ، بە نووسینی دروشمی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و ڕاسان و گرێدانی خەباتی شار و شاخ، ئەو ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، واتە حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە.

**مەهاباد:**
لە شاری مەهاباد، لە نێو شار، مەیدانی محەممەد قازی، مەقبەرەتولشوعەرا، سارم بەگ، گوندی قەرە قشڵاق و جاددەی سەردەشت ـ مەهاباد، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و سی‌دی حیزبی لە گوندەکانی "سنجاخ، خاتونباخ، قەمتەرێ و حاجی عەلی کەند، بەری شیلانان، شەقامی دەنگ و ڕەنگی مەهاباد و کتیبخانەی شیخ شەڵتوت چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

**بۆکان:**
ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات لە شاری بۆکان، ڕێکەوتی ١ لە سەر ٢ی ڕێبەندان بە بۆنەی ٧١ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، کاتژمێر ٦:٢٠ خولەکی سەر لە ئێوارە هەشت جار فش فشەی گڕداریان تەقاند و تەقەی شادییان کرد.

ئەو تەقەی شادییە لە دەوروبەری بێهداریی مەجبوراوا کرا، کە دەنگی تەقەکە لە ناوچەکانی مەجبوراوا و نەساجی و پشت سی میتری و دەوروبەری کەمەربەندی بیسرا.

هەروەها ڕێکەوتی دووی ڕێبەندانی ١٣٩٥هەتاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی هاتنی دووی ڕێبەندان ٧١ـەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان و پشتگیری لە ڕاسان، لە بازاڕی حەیوانان لە نێو ئاپۆڕای خەڵکدا زۆربەی ماشینەکان بە شێوەی بەرچەسب بە مۆری ڕاسان و دێموکرات ڕازانەوە و پێش ئەوەیکە خەڵکی گوندەکانی دەورووبەر لەوێ کۆ ببنەوە، چالاکییەکی بەرینی تەبلیغی لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە ئەنجام درا.

**درێژەی پەیڤ**

هاوشان و دژ بە دوژمنی سەرەکی کە خاکی کوردستانی خستۆتە ژێر پۆستاڵی پاسدارەکانیەوە و دەیەوێ ئیرادەی نەتەوەی کورد ملکەچی بیرۆکە دواکەوتوانەکەی بکا، پێویستیی بە هەموو کەس و هەموو گرووپێک هەیە. ڕاسانی ڕۆژهەڵات بریتی نیە لە پارلمانی کوردستان تاکوو کورسیی تێدا دابەش بکرێ، بەڵکوو بریتیە لە قۆناغێکی خەبات بە دژی دوژمن و لە پێناوی سەلماندنی ئیرادەیەکی نەتەوەیی دێموکراتیکی گەلێکی خاوەن خولیادا؛ بۆیە هەموو گرووپەکان بە هەر ڕادە کە لە تواناماندا هەیە و بە هەر شێوازێک کە پێمان دەکرێ، پێویستە تێیدا بەشدار بین و خەڵکمان ڕێکبخەین تاکوو بەگژ دەزگای سەرکوتکەردا بچینەوە و کەسمان پێ زیادی و سووک نەبێ و لەباتی شکشت هێنان بە دوژمن، هەوڵی شکست هێنان و سووککردنی پلانەکانی یەکدی نەدەین.

کوردستان

# تا ڕۆڵەیەکی کورد بمێنێت، خەباتی کورد زیندووە



دەقی وتەکانی کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە سنوورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

هاوڕێیانی بەڕێز!
سڵاوتان لێ بێت

سڵاوێکی تایبەت لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هێزی تایبەت کە لەم شاخ و داخەی کوردستاندا دیفاع لە مان و کەرامەتی کوردستان دەکەن. سڵاوێکی تایبەت لە ئێوە بەشداربووانی بەڕێز، هەموو ئێوە کە لە هەر شوێنەکەوە لەم کوردستانەدا، لەم دنیایەدا خۆتان گەیاندووەتە ئەم نوقتەیە، کە لێرەدا پەیمان لەگەڵ پەیامەکانی کۆماری کوردستان نوێ دەکەنەوە. لێرەدا پێکەوە جەژنی ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی دەگرین. هاتنتان و بەشداریتان نیشانەی ئەمەگداریتانە، نیشانەی ئەوپەڕی ڕێزلێنانە لە هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە پێناوی ئەو پەیامەدا کە پێشەوای نەمرمان ٧١ ساڵ لەمەوبەر لە کۆماری کوردستاندا ڕایگەیاند. ڕێزیان گرتووە و ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ چرکەساتێکیش بووبێت لە پێناوی ئەو پەیامەدا خەباتیان کردووە، گیانفیداییان کردووە، خۆیان بەخت کردووە.

ئێمە لێرەین، لەم ڕۆژەدا بە بۆنەی دووی ڕێبەندان، بە بۆنەی ڕۆژێکەوە کە لەودا کۆماری کوردستان، لە شارە جوان و شۆڕشگێڕەکەی مەهابادا، بە دەستی پێشەوای بلیمەتی گەل، بە زمانی پێشەوای بلیمەتی گەل، بە فکر و کرداری پێشەوای بلیمەتی گەل ڕادەگەیەندرێت، لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ڕێز گرتن لەو کۆمارە مەزنە.

کۆمارێک کە هەرچەند تەمەنی کورت بوو، بەڵام کورتی و درێژیی تەمەنی ڕووداوێک بەقەدەر نێوەڕۆکی ڕووداوەکە گرینگ نییە. نێوەڕۆکی ڕووداوی کۆماری کوردستان گرینگترە لەو دەسەڵاتانەی ٥٠٠ ساڵە و ٦٠٠ ساڵەی دەوروبەر کە حکوومەتیان کردووە و زۆر لەوانیش گرینگترە، چوونکە زۆر حکوومەت هەبوون لە دەوروبەرماندا بە سەدان ساڵ درێژەیان کێشا، بەڵام ستەمکار بوون. ستەمکار بوون نیسبەت بە گەلەکەی خۆیان و نیسبەت بە گەلانی دەوروبەر. بەڵام ئێمە وەکوو کورد، لە مێژووماندا کۆمارێکی کوردستانمان هەیە کە هەرچەند ٣٣٠ ڕۆژ درێژە دەکێشێت، بەڵام دانە دانەی ئەو ٣٣٠ ڕۆژە بریتیە لە نێوەڕۆکێکی گرینگ، نێوەڕۆکێکی ئینسانی، نێوەڕۆکێک تەژی لە ژیانێکی ئازاد، ژیانێکی بەختەوەرانە، ژیانێکی یەکسان. کۆماری کوردستان بۆیە دانەمەزرا کە ماف لە هیچ کەس بستێنێت، مافی هیچ کەس پێشێل بکات، کۆماری کوردستان بۆیە دانەمەزرا کە ستەم لە هیچ کەس بکات، کۆماری کوردستان لە بەرانبەر ستەمدا ڕاوەستا، لەبەرانبەر ستەمدا ڕاپەری و لە بەرانبەر ستەمکاریی دەوروبەردا نەتەوەیەکی هێنایە نێو مێژووەوە، ئەویش بە شێوەیەکی ئێمرۆیی هێنایە نێو مێژووەوە. زۆر نەتەوەمان هەبووە کە ڕووداوێکیان خوڵقاندووە، لەگەڵ ڕووداوەکەش کارەساتیان خوڵقاندووە. کاتێک کە هاتوونەتە نێو مێژووەوە بە خوێنڕێژ ناویان دەبن، کاتێک کە باس لە دەسەڵاتە سەرەڕۆکان، باس لە دەسەڵاتە عەشیرەیی و قەبیلەییەکان دەکەین، کە بە سەدان و هەزاران کەسیان کوشتووە، شار و گوندیان وێران کردووە، ئەو مێژووانە جێگای شانازی نین، ئێمە هاتینە نێو مێژووەوە بە دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە، بە دەوڵەتێکی دێموکراتیکەوە هاتینە نێو مێژووەوە. ئەویش لەژێر ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، حیزبێکی ئەمڕۆیی کە لە پێناوی ئازادیدا، لە پێناوی دێموکراسیدا خەباتی کردووە و ئێستاش لە پێناوی ئەو پەیامە گرینگانەی کۆماری کوردستاندا خەبات دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی تەمەنی نیشانی داوە کە لە پێشەوەی خەبات و قوربانیداندایە، لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری کۆمار پێمان دەسەلمێنێت، پەیامان پێدەدات کە ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین کە خەڵک بچەوسێنینەوە، بۆ ئەوە نەهاتووین کە خەڵکێکی دیکە بەکوشت بدەین و خۆمان لە سەر خوێن و کوشتار و ڕەنجی ئەوان دەسەڵات بگرینەدەست و ستەمکارییەکی دیکە بنوێنینەوە. کاتێک کە پێشەوای نەمر لەگەڵ گەلەکەیدا دەمێنێتەوە، دەزانێت کە ئاکامی مانەوەی لە نێو شارەکەدا لەسێدارەدانە، بەڵام لەسێدارەدران هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەیکە بۆ هەمیشە لە مێژوودا بمێنێتەوە. بۆ ئەوەیکە هەر وەکوو خۆی فەرموویەتی ئەوان ئەوکات پێشەوایان لە سێدارەدا، بەڵام بە هەزاران پێشەوای دیکە بەدوایدا هاتن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەها حیزبێکە کە ڕێبەرەکانی لە پێشەوەی خەبات و قوربانیداندان. ئێمە شانازی بە ڕێبەرە بلیمەتەکانمانەوە دەکەین، بە پێشەوای نەمر، بە دوکتور قاسملووی نەمر، بە دوکتور سەعیدی نەمر، بە چەندین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات کە لە بەرەکانی خەبات و قوربانیداندا گیانیان فیدا کردووە، لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دراون، لە زیندانەکاندا لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید کراون، لە مەتەرێزی سەرهەڵدان و بەرگریدا خۆڕاگرییان کردووە و شەهید بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی وەها کولتوورێکە و ئەو کولتوورەیش لە نێو دڵی نەتەوەیەکەوە هاتووە کە نەتەوەی کوردە. نەتەوەیەکە کە ستەمی لێ کراوە، نەتەوەیەکە کە ستەم قبووڵ ناکات و نەتەوەیەکە کە قەت بەچۆکدا نایەت، سروودی نەتەوایەتی کورد دەڵێ: نەتەوەی کورد زیندووە ئێستایش دووبارە دەیسەلمێنینەوە کە کورد زیندووە. بە پێچەوانەی هەموو ئەو دروشمانە، هەموو ئەو پیلانانە کە دوژمنانمان بە دژمان گێڕاویانە و دەیانهەوێت پێمان بڵێن کە کورد تێداچووە، کورد بەچۆکدا هاتووە، کورد تەسلیم بووە، ئێمەی کورد لە هەر دەرەتانێکدا کە بۆمان بڕەخسێت دێینە مەیدان و پێیان دەڵێین؛ "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان"، کورد نەمردووە و نامرێت و خەباتی کورد زیندووە. تا ڕۆڵەیەکی کورد بمێنێت، خەباتی کورد زیندووە. بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە کولتووری کۆماری کوردستانەوە، بە کولتوورێکی ئەمڕۆییەوە، بە پێناسەیەکی ئەمڕۆییەوە، بە بیر و بۆچوونێکی ئەمڕۆییەوە هاتووینەتە نێو مێژوو و دووبارە دەمانهەوێت مێژوو بخوڵقێنینەوە. ئەگەر چاوێک لە دەوروبەر بکەن دەبینن دەسەڵاتە سەرەڕۆکان، توندئاژۆکان، تێرۆریستییەکان، دەسەڵاتە دواکەوتووەکانی ناوچە چ دیارییەک بۆ ناوچەکە دەهێنن. کوشتار، خوێنڕشتن، بەتاڵان بردن، قڕکردنی ژن و منداڵ، خنکاندنی بیروباوەڕی ئازادیخوازانە، ئەمانە ئەو دیارییانەن کە دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی ناوچە دەیانهەوێت بە دیاری بۆ خەڵکەکەی بهێنن.

> **ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد نەتەوەیەکین کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەمانهەوێت هاوتا و هاوشانی نەتەوەکانی دیکە بژین، ئازادیمان دەوێت، دادپەروەریمان دەوێت، یەکسانیمان دەوێت، نەک تەنیا بۆ کورد، بۆ تەواوی ناوچەکە**

بە درێژایی زیاتر لە ٣٧ساڵ سەرەڕۆیی و دوژمنکاریی کۆماری ئیسلامی نیسبەت بە خەڵکی نێو ئێران و نیسبەت بە خەڵکی دەوروبەر، دەبینین کە تەنیا تێرۆریزمی پەرە پێداوە، شەڕی خوڵقاندووە و بەردەوام دەیهەوێت لە ناوچەکەدا ئاڵۆزی هەبێت، بەردەوام دەیهەوێت لە ناوچەکەدا شەڕ هەبێت بۆ ئەوەیکە وەکوو خومەینی وتی شەڕ بە نیعمەتی ئیلاهی دەزانن. بۆچی شەڕ بە نیعمەتی ئیلاهی دەزانن؟ چوونکە فیکری ئەمڕۆییان نییە، چوونکە ناتوانن لە ئەمڕۆدا بژین، چوونکە شتێکیان پێ نییە بۆ خەڵکی ئەمڕۆ، ئەوان تەنیا دەیانهەوێت خەڵکەکە بەیەکەوە شەڕ بکەن، خەڵکەکە لە نێوانیاندا ئاڵۆزی هەبێت، کوشتار هەبێت، تاکوو بە ناوی شەڕ و ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا دەسەڵاتە تاریکی پەرەستانەکەیان درێژە پێ بدەن. هەر وەکوو لە سەرانی کۆماری ئیسلامی لەم ڕۆژانەدا دەبیستین، ئەوان لە سووریە و لوبنان و یەمەن شەڕی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەکەن، واتای ئەمە چیە؟ واتە ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاست کە ئاشتیی تێدا هەبێت، ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاست کە دادپەروەری و یەکسانیی تێدا هەبێت، کە ئازادیی تێدا هەبێت، کە گەشەکردنی خەڵکی تێدا هەبێت، کە پێکەوە ژیانی ئینسانیانەی تێدا هەبێت، وەکوو ژەهر وایە بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دەیانهەوێت تەواوی ناوچەکە بیر و فیکرییەتی دواکەوتووانەیان پەرە پێ بدەن. ئێمەی کورد، ئێمەی حیزبی دێموکرات، ئێمەی ڕێبوارانی کۆماری کوردستان کە ٧١ ساڵ لەمەوبەر بە ئەندیشەیەکی دێموکراتیکەوە هاتە ناوچەکە، دژی ئەو دەسەڵاتەین، دژی ئەو بیرکردنەوەین، دژی سیما و کەس و وەکوو تاک، وەکوو نەفەریان نین، دژی ئەو فکرەین کە لە کۆماری ئیسلامیدا پەرەی پێدەدرێت. دژی ئەو فکرەین کە لە تارانەوە، لە قومەوە سەرچاوە دەگرێت و دەیانهەوێت بە هەموو دنیادا بڵاوی بکەنەوە. دژایەتی ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدایە و بۆیەشە کە کۆڵ نادەین بەرانبەر بەو ستەمکارییانە. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات، وەکوو کوردێکی ئازادیخواز، لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەر وەک هەموو لایەک دەزانن، وەرزێکی دیکەی خەباتمان دەست پێکردووەتەوە، ئەم خەباتەی ئێمە شتێکی دابڕاو لە مێژوومان نییە. شتێکی ئەزموون نەکراوی پێشوو نییە، بەڵکوو هەڵدانەوە و فێر بوونە لە هەموو ئەو ئەزموونانەی پێشترکردوومانە و خەباتی خۆمان درێژە پێ دەدەین. ڕاسانی ڕۆژهەڵات، ڕاسانی گەلێکە، کە ستەمی لێ کراوە، کە دوژمنانی دەیانهەوێت لە نێویدا پەرتەوازەیی هەبێت. دوژمنان دەیانهەوێت بەردەوام لاوەکانی تووشی مادە سڕکەرەکان بن، دەیانهەوێت کورد نۆکەر و ژێردەست و دەستەمۆی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆی بێگانە بێت. ڕاسانی ڕۆژهەڵات ڕاسانی ئیرادەی نەتەوەییە. ئیرادەی نەتەوەیەک بە ڕادەی هەزینەکانی کە زۆر بووە یان کەم بووە، ناناسرێتەوە، ئیرادەی نەتەوەیەک ویستی نەتەوەیەکە بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت، بۆ ئەوەیکە بە هەموو نەتەوەکانی دەوروبەری بڵێت، نە لە ئێوە کەمترین نە لە ئێوە زیاترین، ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد نەتەوەیەکین کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەمانهەوێت هاوتا و هاوشانی نەتەوەکانی دیکە بژین، ئازادیمان دەوێت، دادپەروەریمان دەوێت، یەکسانیمان دەوێت، نەک تەنیا بۆ کورد، بۆ تەواوی ناوچەکە. ئێمە بە دژی شەڕی ئایینی و مەزهەبین، ئێمە بە دژی شەڕی نەتەوەکانین، ئێمە بە دژی شەڕێکی تێرۆریستی وماڵوێرانکەرین کە دەیانهەوێت هەتا هەتایە لە نێو کوشت و کوشتار و خوێنڕشتنی یەکتردا نوقم ببین. ئێمە دەمانهەوێت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئارامیدا سەر بکات، لە ئاسایشدا بە سەر ببات، لە دادپەروەریدا ژیان بکات، بەڵام ئاسایش و ئارامی و دادپەروەری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەدی نایەت گەر نەتەوەی ستەملێکراو هەبێت. ناکرێ نەتەوەیەک کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا مافەکانی پێشل کرابێت، سووکایەتی بە نەتەوە بوونی کرابێت، سووکایەتی بە کەرامەتی کرابێت، بچەوسێتەوە و بکوژرێت و لاوەکانی ئەشکەنجە بکرێن، ئێعدام بکرێن و ئەویش لە پێناوی ئاسایش و ئارامیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هیچ نەڵێت. ناکرێ کۆماری ئیسلامییەک لە ناوچەکەدا هەبێت، دەستێوەردان لە هەموو ناوچەکەدا بکات، هێزی تێرۆریستی لە هەموو ناوچەکەدا پەرە پێ بدات و لە نێوخۆدا هەموو ستەمێک لە سەر هەموو نەتەوەکانی ئێران ڕەوا ببینێت، ئازادی بخنکێنێت، چەوسانەوە هەبێت، گەندەڵی لەو پەڕیدا هەبێت، بەڵام خەڵکیش لە پێناوی ئەوەیدا کە نەک ماڵی کاول و وێرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و نەتەوەکان، لەوە کاولتر بێت، با بێدەنگ بین. بێدەنگی قبووڵ ناکەین! نیشانمان داوە کە بێدەنگی قبووڵ ناکەین ئەگەر بە خوێنی خۆشمان بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و ئەندامانی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە سەلماندوویانە، نیشانیان داوە پێویست بە هیچ بەڵگە هێنانەوەیەکی زیاتر لەوە ناکات کە پێشەوای نەمرمان، لە پێناوی پاراستنی گەلەکەیدا لە نێو شارەکەدا دەمێنێتەوە و خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەوەی کە قەڵاچۆ نەکرێت. پێویست بە هیچ بەڵگەیەکی دیکە ناکات، جگە لەوەی کە دوکتور قاسملوویەکی نەمرمان هەیە کە لە پێناوی ئازادیی گەلەکەیدا خۆشترین ژیان لە دەرەوەی وڵات بەجێ دەهێڵێت و دێتەوە نێو سەنگەرەکانی پێشمەرگە، ئەو سەنگەرانەی کە خۆتان ئەمڕۆ نموونەکانی دەبینن، کە بە کەمترین ئیمکاناتەوە بەڵام بە گەورەترین ورە و ئیرادەوە بەڕێوە دەچێت. دوکتور قاسملوویەکی نەمرمان هەیە کە دێتەوە نێو ئەو سەنگەرانە خەبات دەکات و لە پێناوی ئازادیی گەلەکەشیدا، لە پێناوی ئەوەیکە دەروازەیەک بدۆزێتەوە کە خەڵکەکەی بە ئازادی بژین، کە کوشتار و خوێنڕشتن کۆتایی پێ بێت، دەڕوات و وتووێژ لەگەڵ دڕندەترین ڕێژیمی سەردەمدا دەکات. دەزانێت کە ئەو ڕێژیمە دڕندەیە؛ دەزانێت کە ئەهلی وتووێژ و دیالۆگ نییە؛ بەڵام دەیهەوێت بە مێژوو بسەلمێنێت کە ئەو ڕێگایەشمان تاقی کردەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ ڕێگایەکی دیکە قبووڵ ناکات جگە لە زۆر و هەڕەشە و گوشار نەبێت. نموونەی دیکەمان پێویست نییە باسی بکەین، وەکوو دوکتور سەعیدی نەمرمان، وەکوو ئەندامانی ڕێبەرایەتیی دیکەمان کە لە سەنگەرەکانی خەباتدا شەهید کراون، وەکوو ئەمساڵ لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا کادر و پێشمەرگەمان چوونەوە قووڵایی دڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نێو خەڵکەکەی خۆیاندا کورەی خەباتیان گەشاندەوە و بە حەماسەکانیان لە سەرتاسەری کوردستاندا، لە سەڵماس و موکریان و شنۆ و کۆساڵان و ئەو شوێنانەدا سەلماندیان کە ئێمە چۆک دانادەین. دوژمنانمان باش بزانن گەلی کورد ئەهلی چۆکدادان نییە، ئەهلی ستەم کردن لە هیچ شوێنێک نییە، ئەهلی پێشێل کردنی مافی هیچ کەسی دیکەش نییە، ئێمەی کورد، ئێمەی حیزبی دێموکرات، ئێمەی پێشمەرگەی دێموکرات چۆک دانادەین بۆ دڕندەترین دەسەڵاتەکانی سەردەمیش. ئێمە بە خوێنمان بە ئیرادەمان بە بیروباوەڕمان دەیسەلمێنین کە بە کەمترین ئیمکاناتی پێشمەرگەوە بەدژی دڕندەترین ڕێژیمی ستەمکاری ناوچەکەدا دەڕۆینەوە بەچۆکیشیدا دەهێنین و بە لەرزەشی دەخەین، هەر وەکوو بەلەرزە خراوە.لێرەش ئێمە کۆبووینەتەوە کە دووبارە لەگەڵ ئەو پەیامانەدا ئاشنا بینەوە کە ئاشنایین، دووبارە وەبیری بهێنینەوە، دووبارە پەیمان ببەستینەوە و شایی بکەین، ئێمەی کورد فێری ئەوە نەبووین کە ماتەم بگێڕین و دەستەوئەژنۆ دانیشین، خەمبار بین، ئێمەی کورد، ئێمەی پێشمەرگەی دێموکرات شایی دەکەین، شایی دەکەین تا بە دوژمنانمان بڵێین کە ئێمە ئەهلی چۆکدادان نین، خەباتمان بەردەوامە.

ڕۆژێکی مێژوویییە کە ئێمەی کورد بوونی خۆمان تێدا سەلماندووە ودووبارەش دەیسەلمێنینەوە.

به هیوای دووباره سەلماندنەوەی
بوونی نەتەوەییمان،
بەرقەرار بن،
پیرۆز بێت دووی ڕێبەندان.

# سیاسەتی دور هاویشتنی پرسی کورد بۆ ئەو دیوی سنوورەکانی ئێران

**سۆهراب کەریمی**

لە سیستەمە داخراوەکاندا زۆربەی پێوەندی و پلانەکان، بە تایبەتی سیاسەت و پلانە ئەمنیەتیەکانیان، بە شێوەی نهێنی دادەڕێژرێت. بۆ ناسینی برێك لە سیاسەتەکانی سیستەمە داخراوەکان لە زانستی سیاسەتدا چاو لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو سیستمانە لە هەمبەر ئەو دیاردانەدا دەکرێت کە بە حوکمی سیستمی داخراو، وەك کێشەی ئەمنیەتی دەناسرێن.
پرسی کورد و داخوازییە نەتەوەیی دێموکراتیکەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی کە سیستمێکی نادێموکراتیك و داخراوە، وەك دیاردەیەکی ئەمنییەتی دێتە ئەژمار. لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا حیزبە سیاسییەکانی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی سیاسی ڕێگەیان پێ نەدراوە بەشداری کاری سیاسی لە ناوخۆی وڵاتدا بن و تەنانەت هێرش کراوەتە سەریان و بۆ مانەوەی خۆیان ناچار بوونە دەست بدەنە بەرگریی چەکدارانە. بۆیە گەورەترین کێشەی ئەمنیەتی بۆ ڕێژیمی ئێران لە کوردستاندا حیزبە سیاسییەکانی کوردستانن کە وەك ڕێبەرایەتی سیاسیی کورد هەمیشە دەوری سەرەکییان لە خەبات دژ بە ڕێژیمی ئیراندا هەبووە. بۆیە هەر جۆرە تەبلیغ و ناوهێنان و لایەنگری لێیان بە چڕی سەرکوت دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ناوبردن و تەبلیغ کردن و هەڵواسینی وێنە و تراکتی حیزبەکانی سەر بە پارچەکانی دیکەی کوردستان قەدەغە نیە. هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێك دەتوانێ وێنەی ڕێبەرانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان چاپ بکات، بەڵام بۆ ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبەکانی ڕێگە پێنەدراوە. پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئەو حیزبە کوردییانە هەموویان بۆ ڕزگاریی کوردستان هەوڵ دەدەن، لە بەرچی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر ناوهێنان و تەنانەت تەبلیغ کردن بۆ ئەو حیزبانەدا کاردانەوەی ئەوتۆی نیە، بەڵام دژی هەر جۆرە ناوهێنانێکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتە؟
بە پێی ئەم ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی، سیاسەت و ستراتژیی ڕێژیمی ئێران لە هەمبەر هەستی نەتەوایەتی و داخوازییەکانی کورددا چیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە کۆمەڵێك فاکت لە سەر ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەم دوو دەیەی دواییدا بهێنینەوە. ئەگەر ئاوڕێك لە ساڵەکانی دوای ڕاگرتنی خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دوو دەیەی ڕابردوودا بدەینەوە، دەبینرێت کە سیاسەتی ڕێژیمی ئێران ئەوە بووە کە هەستی نەتەوایەتیی کورد بە شێوەیەك مودیریەت بکات کە زیانی بۆ ڕێژیم نەبێت، ئەویش بریتی بوو لە زەقکردنەوەی پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و پەراوێز خستنی پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. بۆیە یەکەم هەنگاو بۆ ئەم کارە لە لایەن خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەڵگیرا. یەکەمین گۆڤاری حکوومەتی کە لە ساڵەکانی دەیەی ٧٠دا هاتە دەرەوە "ئاوێەر" بوو کە بە هاوکاریی "محەممەد ڕەزا ڕەحیمی" پارێزگاری ئەو کاتەی سنە و "بارام وەڵەدبەیگی" لە چاپ دەدرا و زۆرتر باسی لە سەر باشووری کوردستان بوو و بە وێنەی ڕێبەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەیانڕازاندەوە. تەنانەت نووسینگەکانی ئەو حیزبانە بوو بە شوێنی هاتوچووی کۆمەڵێك خوێندکار و چالاکی کورد. ئەمە بۆ خۆشەویستیی کوردی پارچەکانی دیکە نەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە ناوی سەرکردەکانی کوردی ڕۆژهەڵات کوردستان بسڕنەوە، چوونکە مەترسیی سەرەکی، ناوی ئەوان بوو کە دەبوو بە هێمایەك بۆ بەگژداچوونی ڕێژیمی ئێران. چالاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بێ هیچ کێشەیەك هاتوچووی باشووری کوردستان و سەرکردایەتیی لایەنەکانی باشووریان دەکرد. هەروەها دوای هاتنی سەرکردایەتیی پەکەکە بۆ قەندیل، هاتوچووی قەندیل و سەرکردایەتیی پەکەکەش دەستی پێ کرد.لە زانکۆکانی ئێراندا تەنیا ڕێوڕەسمی ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە ئازاد بوو. ئەگەر کەسێك نەیزانیبا و ئەو ڕێوڕەسمانەی بدیبایا وای دەزانی ئەوە تەنیا ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە کوردەکانی باشوور و ئۆپۆزیسیۆنی سەدام حوسەینە. لە کاتی دەستگیرکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا میدیا و تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامیی تەواوی باسی لە سەر بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ دژایەتیی حکوومەتی تورکیە بوو. دواتریش مۆڵەتی خۆپیشاندانی هەر بەو مەرجە دا کە کوردی ڕۆژهەڵات دژایەتیی دەوڵەتی تورکیە بکەن، هەرچەند دواتر خەڵکی کوردستان ئەو ڕێپێوانانەیان کردە دەرفەتێك بۆ هێنانە گۆڕی داخوازییەکانی خۆیان و دژایەتیی سیاسەتە سەرکوتکەرانەکانی ڕێژیمی ئێران، بەڵام ئەم سیاسەتە لە بەر ئەوە بوو کە بڵێ لە ئێراندا پرسی کورد بوونی نیە و تەنیا لەو دیوی سنوورەکانی ئێراندا پرسی کورد هەیە.دواتر دەبینین کە عیسمەت شەریف وانلی دێتە ئێران و باسی ئەوە دەکات کە کورد ئێرانییە و دەبێ ئێران هەوڵ بدات کە بەشەکانی دیکەی کوردستان بگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی ئێران کە زۆر جار ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان و تەنانەت کەسانێك لە نێو کۆماری ئیسلامیدا ئەم باسانەیان کردبوو. تەنانەت داریووش فرووهەر هەر بە ئەم بیرەوە کاتی خۆی چەپکە گوڵێکی بردبووە باڵوێزخانەی ئیتالیا بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا. لەم سەردەمەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێتە مەیدانی تەڕاتێنی ئەندامانی پەکەکە کە زۆر بە ساکاری بە چەکەوە هاتوچووی ماڵی چالاکانی کورد دەکەن و زۆرتریش لە ئەندامانی ژنی خۆیان کەڵك وەردەگرن. تەنانەت عوسمان ئۆجەلان و دواتریش زوبەیر ئایدار دێنە ئێران و بە فەرمی دەفتەری نوێنەرایەتیی پەکەکە لە ئێران دەکەنەوە. زۆربەی کورد و چالاکانی ڕۆژهەڵاتیش بەم زیهنیەتەوە کار دەکەن کە چوونکە نرخی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە گرانە، ئێمە بە ناوی پەکەکەوە تەبلیغ بۆ کوردایەتی دەکەین. ئەمە لە ڕاستیدا بیانوویەك بوو نەك ستراتژییەك کە بیری قووڵی لە پشتەوە بێت. بۆیە دەبینرێت دەیان کتێب لە سەر پەکەکە و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بڵاو بووەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کتێبەکانی دوکتور قاسملوو بە ئیستاشەوە قاچاخن، کۆمەڵێك لە خەڵکی کوردستان تەنیا لە بەر هەبوونی کتێبەکانی دوکتور قاسملوو بە زیندان مەحکووم کران (کە لێرەدا ناویان پارێزراوە) بەڵام لە هەمان کاتدا کتێبەکانی پەکەکە و ئۆجەلان لە سەر کتێب فرۆشییەکانی تاران دەبینران. لە گۆڤاری "ئاڵترناتیڤ" کە بە شێوەی ئازاد لە ڕۆژهەڵات بڵاو دەبووەوە، باسێکی وەها لە سەر ڕێژیمی کوماری ئیسلامی نەکرابوو، بەڵام بە ڕاشکاوی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیان بە کلاسیك ناو دەبرد و خۆیانیان وەك ئاڵترناتیڤی ئەو حیزبانە پێناسە دەکرد و داوا لە خەڵکی کورد دەکرا پشتیوانی لەو حیزبانە نەکەن.

> **سەعید حەجاریان کە پێشتر یەکێک لە مودیرە ئەمنیەتییەکانی ئێران بووە، بە ڕاشکاوی دەڵێ کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەتەوەیە، بەڵام لە ئێراندا نەتەوە نیە**

سیستمی ئەمنیەتیی ئێران باش دەزانێت کە گوتار و ئیدئۆلۆژیی حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە هەمبەر حکومەتی وڵاتەکانی خۆیان دارێژراوە، بۆیە پەرەپێدانی گوتاری ئەو لایەنانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی خەڵك بۆ ئەودیوی سنوورەکانی ئێران ڕابکێشرێت. درێژەی ئەم کارەش زیهنیەتێکی وەها دروست دەکا کە ئەوان دوژمنی کۆماری ئیسلامی نین و لانیکەم ناتوانن مەترسییەك بۆ ڕێژیم بن. ئاکامی ئەم کارانەی ڕێژیم، بەرهەمهێنانی جەماعەتێکە کە بە بێ خوێندنەوەیەکی سیاسی و ستراتژیك کەوتوونەتە ناو کاناڵی مودیریەتی ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاریان بووەتە ئەوە کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەنە پەراوێزەوە و بەشەکانی دیکەی کوردستان زەق بکەنەوە. کۆمەڵێك لەم جەماعەتە ڕاشکاوانە لایەنگری لە حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەن و دژایەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات واتە هەر ئەو حیزبانە دەکەن کە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران مەترسیی سەرەکین. ئەمە خۆی ڕاستەوخۆ لە ئاراستەی سیاسەتی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامیدایە. تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر بەشداریی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە شەڕی داعشدا کاردانەوەی توندی هەبوو و لایەنەکانی باشووری کوردستانی ناچار کرد کە نابێ حیزبی دێموکرات بەشداریی شەڕی داعش بکات. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە زۆربەی لایەنگرانی ئەحزابی پارچەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتدا وەها باسیان لە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە دەکرد کە گۆایە ئەو حیزبانە هەر بوونیان نەماوە.
لە دەستپێکی ڕاسانەوە، ئەوە لایەنگرانی ئەو حیزبانە بوون کە دژایەتیی ڕاسانیان دەکرد و تەنانەت سەرەتا ڕاسانیان بە نەخشەی میتی تورکیە لە قەڵەم دەدا و دواتر بە دووپاتکردنەوەی قسەی فەرماندەکانی سپای پاسداران، دەیانگوت کە عەرەبستان لە پشت ڕاسانەوەیە. ئەمانە هەموو ئەو فاکتانەن کە پیشان دەدەن لە کاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران گوشاری زۆر دەخاتە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و وەك مەترسیی سەرەکی چاویان لێ دەکات، جەماعەتێك بە بێ هیچ خوێندنەوەیەك، خەریکن بە ئاراستەی سیاسەتە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەنگاو هەڵدەگرن. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پاساوی ئیدئۆلۆژیك، ڕێگە بە چالاکانی ناوخۆ نادات کە بە شێوەی دێموکراتیك داخوازییەکانی کورد بهێننە گۆڕێ. بۆیە تەنیا شتێك کە دەتوانێ بانگەشەی بەهێزبوونی ڕژیمەکەی بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەهێزبوونی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەیە. بۆیە بە بەهێزبوونی ئەم حیزبانە، پرسی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێتە یەکێك لە دیاردە زەقەکانی هاوکێشەکانی ناوچەکە بۆیە باشترین کار هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ئەوانە و هەوڵ دەدەن سەرکردایەتیی ئەو حیزبانە بخەنە ژێر گوشاری خۆیان، دووهەمیش تەبلیغ دژی کۆمەڵە و دێموکراتە بۆ ئەوەی کە خەڵك لە پشتگیری ئەو حیزبانە دڵسارد بکەنەوە.کۆماری ئیسلامیی بە فەرمی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا پێوەندیی هەیە و ئەوان بە فەرمی دەناسێت. هەروەها ئەویش دەزانێت ئەم پێوەندییانە جۆرێك دارێژراوە کە بەرژەوەندیی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆر جار یەك ناگرێتەوە و تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەرژەوەندییان لەگەڵ یەك نایخوێنێتەوە، بۆ نموونە سەرکەوتنی کورد لە ڕۆژئاوا بۆ بە هۆی شکستی کورد لە باکوور. بۆیە کۆماری ئیسلامی بە سانایی دەتوانێ لەو لایەنانە بۆ کونترۆڵکردنی کوردی ڕۆژهەڵات کەڵك وەربگرێت. کۆماری ئیسلامی بە زەقکردنەوەی پەیمانی سایکس پیکۆ دەیهەوی ئەوە بسەلمێنیت کە ئەم پەیمانە دابەشکردنی کوردستانی بندەستی عوسمانی بووە و کوردستانی ئێران بەر لە سایکس پیکۆش هەر بەشێك لە ئێران بووە. تەنانەت توانیویە هیندێك کەسایەتی لە باشووری کوردستان بەم قەناعەتە بگەیەنێت کە تەنیا ناوی سێ پارچەی کوردستان دێنن. تەنانەت لە دهۆك یەکێك لە سیاسەتمەدارانی باشوور بە شێوەی زیمنی ئاماژەی بە کوردستانی ژێردەستی عوسمانی دەکرد. سەعید حەجاریان کە پێشتر یەکێك لە مودیرە ئەمنیەتییەکانی ئێران بووە، بە ڕاشکاوی دەڵێ کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەتەوەیە، بەڵام لە ئێراندا نەتەوە نیە. بەو واتایە، کۆماری ئیسلامی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بە فەرمی دەناسێت، بەڵام دان بە کوردی بندەستی خۆیدا نانێت. دیارە کۆماری ئیسلامی دەزانێ کە هەستی کوردایەتی لە زیهنی خەڵکی کورددا سەقامی گرتووە و بۆی ناسڕێتەوە، بۆیە وەك سیاسەتی ئەمنیەتی دیاردەیەکی زیهنی گرینگ نیە. ئەوەی کە بۆ کوماری ئیسلامیی گرینگە، گۆڕینی ئەم هەستە بۆ ئیرادەیەکی سیاسییە کە بتوانێ بەرۆکی خۆدی حکومەت بگرێت و بۆ ئەوەی کە ئەم هەستە ببێتە دیاردەیەکی سیاسی و بەرۆکی ڕێژیم بگرێت دەبێ لە ناو ڕێکخراوێکی سیاسیدا خۆ ببینێتەوە کە مەیدانی کردەوە و خەباتەکەی لە شوێنی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێت. دیارە ڕێژیم لە ناوخۆی وڵاتدا بە حوکمی ئیدئۆلۆژیکی خۆی ڕێگە نادات کە کورد بە شێوەی مەدەنی خۆی ڕێك بخات و بە دوای مافەکانیدا بکەوێت. هەروەها ئەگەر هەموو کوردێك ببێتە شۆڕشگێڕ، بەڵام لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان ڕوو لە هەر سیستمێك بکات، بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ نیە. کۆماری ئیسلامیی خۆی دەزانێت کە هەستی کوردایەتی لە ناو زمان و هزرری کوردی ڕۆژهەڵاتدا سەقامی گرتووە بۆیە ئەم هەستە دەبێ لە شوێنێك خاڵی بێتەوە کە دژی خۆی بەکار نەهێنرێت، ئەویش کاناڵیزەکردنی بۆ ئەو دیوی سنوورەکانی کوردستانی بندەستی خۆیەتی. ئەگەر وەك فاکتێك بێهێنینەوە دەبینین کە بە پێی دەرفەتێك کە لە ڕۆژهەڵات بو ئەو لایەنانە ڕەخساوە، جەماعەتێك لایەنگرییان لێ دەکەن. ئەم جەماعەتە چ بە بیرکردنەوە و چ بە چالاکی و نووسین زۆربەی هێز و بیری خۆیان، تەرخانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن و بە فارسی و کوردیی سۆرانی دژی حکومەتی تورکیە دەنووسن ئەگەر کەسێك دەقەکانی ئەم جەماعەتە بخوێنێتەوە، دەبینێت کە زۆرتر وەك ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی تورکیەن تاکوو ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران، بۆیە هەر ئەوە کە کوردی ڕۆژهەڵات دەوڵەتی تورکیە بە دوژمنی خۆی بزانێت تا کۆماری ئیسلامی، بۆ خۆی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ سیاسەتە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی. هەر لەم ئاراستەیەدا کۆمەڵێك لە چالاکانی ڕۆژهەڵاتیش نامەیەکیان ئاراستەی خامنەیی کردووە کە تێیدا دوایان لێ کردووە پشتی کورد بگرێت و پرسی کورد بە جیددی وەربگرێت. بێ ئەوەی باس لەوە بکەن کە دەست لە پێشێلکردنی مافی کورد لە کوردستانی ئێراندا هەڵبگرێت. لەم نامەیەدا بەو پەڕی لاوازییەوە ڕاشکاوانە دەڵێن ئێمە تەنیا تەماشاڤانی بارودۆخەکەین و هیچ دەورێکمان لە گۆڕانکارییەکاندا نیە و بۆ ئەوەی دوستایەتیی خۆیان بۆ کوماری ئیسلامیی پشتڕاست بکەنەوە دەڵێن ئێمە پێچەوانەی ئەوانەین کە نامەیان بۆ ترامپ نووسیوە. دواتریش دەڵێن لە بەر هەستی بەرپرسایەتی بەرانبەر بە داهاتوی ئێران ئەم نامەیە دەنووسین. پاشان دەڵێن چوونکە خەلیجی فارس گرینگایەتیی خۆی لە دەست داوە، دەبێ ئێران بێتە لە باشوور و ڕۆژئاوا و ئەو لاوازییەی قەرەبوو بکاتەوە و لەوێ بە دوای بەرژەوەندیی خۆیەوە بێت. دواتر باس لەوە دەکەن کە لانیکەم لە بەر دوژمنایەتیی ئەردۆغانیش بوویێت، دەبێ داکۆکی لە کورد، واتە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەردۆغان کە پەکەکەیە و ڕۆژئاوا کە بە دەستی پەکەکەوەیە، بکەی. تەنانەت دڵمان بەوەش خۆش دەبوو کە لە یەك دێڕدا باسی پێشێلکردنی مافی کوردی لە ئێران و لە لایەن سیستمی کۆماری ئیسلامییەوە بکردبایە کە خامنەیی بە بێ ڕکابەر، ڕێبەرایەتیی دەکات.
ئەگەر سەرنجێك بدەینە ئەو فاکتانەی سەرەوە، دەبینین کە سیستمی ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی لە هەموو سیاسەتەکانیدا بۆ ئاژین کردنی (سوق دادن) هزری کورد بۆ ئەو دیوی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تیئۆرییەکی دەروونناسی بە ناوی "شەرتی بوون" کەڵکی وەرگرتووە. واتە باسکردن لە ڕۆژهەڵات دەبیتە هۆی تەمێکردن و باسکردن لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ بێدەنگی و تەنانەت تەشویق کردن لە لایەن ڕێژیمەوە بەرەوڕوو دەبێت. لە سیاسەتدا بەوە دەڵێن سیاسەتی تێلا و گێزەر (چماق و هویج) کە دەتوانین بڵێین مودیریەتی ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی لە سەر کوردستان لەم سیاسەتەدا سەرکەوتوو بووە. لیرەدا باشترین شێوەی بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم، یەکەم بەهێزکردن و زیادکردنی مەعریفەی ڕەخنەگرانە لە ناو شرۆڤەکارە سیاسیەکاندایە. واتە دەبی چاوەدێرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە چاوی ڕەخنەگرانەوە گۆڕانکارییەکانی بیست ساڵی ڕابردوو لێك بدەنەوە. هەر وەها دەبێ هەم سەرکردایەتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و هەم چالاکانی سیاسیی کورد هەوڵ بدەن دەوری حیزبەکان لە خەباتی ڕۆژهەڵاتدا زیاتر بکرێت، واتە دەبێ بە گەرم ڕاگرتنی خەبات چ لە شاخ و چ لە شار، دیسان مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بێننە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە. کاری دیکەش دەبێ بکرێت، ئەویش شرۆڤەکردنی سیاسەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد و ناچارکردنی لایەنەکانی پارچەکانی دیکە بەوەیە کە یەکەم نابێ لە ڕۆژهەڵاتدا دەستێوەردان بکەن، چوونکە ئەوان ناچارن پێوەندیی سیاسی و ئابوورییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەبێت، بۆیە توانای خەبات دژی کۆماری ئیسلامییان نیە و دووهەمیش نابێ پێوەندییان لەگەڵ ئێران لە سەر حسابی کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبەکانی کوردستانی ئێران بێت.

# قسەیەکی خۆمانە لەگەڵ بەڕێز کاک عومەر ئیلخانیزادە

کەریم پەرویزی

کاک عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە وتوویژێکی تلویزیۆنیدا کە چەند ڕۆژ پێش و لە سەرەتاکانی مانگی ڕێبەنداندا بلاوبۆتەوە، باس لە بەرەی کوردستان و گرفتەکانی سەر ڕێگای دەکات. لەو وتووێژەدا، پێشکەشکاری وتووێژەکە کاک عومەر بەرەو شوێنێک دەبا کە ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەوەی کە پێشکەشکاری بەرنامە حەزی لێیە، لە زمانی کاک عومەرەوە بێتە دەر و بەڕێز کاک عومەریش بەدوایدا دەڕوا و دەڵێ کە؛ بەرەی کوردستانی بە هۆی پاوانخوازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پەکی کەوتووە و پێک نایەت. وێڕای ڕێز بۆ کاک عومەر، ئەم وتەیەیان تەنیا و تەنیا چەواشەکردنی ڕای خەڵکی کوردە و هێرشێکی ناڕەوا بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە دیار نیە لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ. دەنا هەم خودی کاک عومەر و هەم هەموو ڕای سیاسیی کوردستان و هەم ئەندامانی هەموو حیزبەکانی کوردستان بە باشی ئاگاداری دۆخی ئاڵۆزی حیزبایەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش هەن و ئەوەی کە هەموو گرفتەکان بە تەنیا و تەنیا بە یەک حیزبەوە ببەستێتەوە، هەم لە ناسیاسی بوون و هەم لە گرێیەک بەرامبەر بەو حیزبەوە سەرچاوە دەگرێ.

**کێیە کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئاگاداری دۆخی شپرزی ئینشعاب و لێکدابڕانەکان نەبێ؟**

ساڵانێکی زۆرە کە هەوڵی پێکهێنانی چەتری هاوبەشی کاری سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدرێ و قۆناغ بە قۆناغ لەباتی نزیکبوونەوە لە مەبەست، لێی دوورکەوتووینەتەوە. هەرجارە کە باسەکانی پێکهاتنی بەرە جیددیتر بووە، لە ناکاو ئینشعابێک لە ڕێکخراوێکدا پێکهێنراوە.

خۆ سەردەمانێک لە حیزبی دێموکراتدا ئینشعاب ڕووی نەدابوو و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیش تازە لە کۆمەڵەی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران جیاببوویەوە و دوای چەند کۆبوونەوە و هەوڵی ئەمبەر و ئەوبەر، لە دوایین دانیشتندا، کە لە هەولێر بە سەرپەرستیی بەڕێز سامان شاڵی قەرار بوو بگیرێ، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ کە خودی کاک عومەریش ئەوکات لەگەڵ ئەو حیزبە بوو و ئەندامی دەفتەری سیاسیی بوو، بەشدار نەبوو و لەو قۆناغەدا شکستی بە هەوڵەکان دا.

لە قۆناغی دیکەدا و چەند ساڵ دواتر، کە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و دوو حیزبی دیکە هەوڵی پێکهێنانی چەتری هاوبەشیان دا، خۆ خودی کاک عومەر ئاگادارە کە حیزبی دێموکرات هیچ مەرجێکی لە سەر ڕێی پێکهێنانی بەرە نەبوو و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لەگەڵ ڕێکخراوی دیکە سەبارەت بە بەشداری و بەشداری نەکردنی ڕێکخراوێک کێشەیان هەبوو و باش وەبیریانە کە بۆچی شکستیان بەو هەوڵەش هێنا و حیزبی دێموکرات هیچ ڕۆڵێکی لە تێکچوونی ئەو قۆناغەشدا نەبوو.

بە دوای ئەو بڕگەیەشدا، قۆناغێکی دیکە لە ئینشعابەکان دەستی پێ کردەوە و ڕێکخراوەکەی کاک عومەر لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ جیا بۆوە و ئینشعاب لە ڕێکخراوی دیکەش پێکهات.

لەو کاتەوەش هەر ڕێکخراوێک سیاسەتی تایبەتی خۆی هەبووە و هەر جارە و نێوانی ڕێکخراوێک لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیکە تێکچووە یان لێک نزیک بوونەتەوە و سیمای سیاسیی ئەم چەند ساڵەی دوایی بریتی بووە لە ئاڵوگۆڕی "نزیکی و دووریی" حیزب و ڕێکخراوەکان و لەو نێوەشدا تەنیا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە کە بەربەرە لە هەموو ڕێکخراوەکان نزیک بۆتەوە و هەوڵی کەمکردنەوەی کێشەکان و نزیکبوونەوەی لە هەموو ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات داوە.

ئینشعابیەکان، لە پێناوی یەکڕیزیدا ئینشعاب دەکەن! نازانم لە نێو نەتەوەکانی دیکەشدا وا بێ یان نا؟ ئەوانەی دونیایان دیوە دەتوانن یارمەتیدەرم بن، بەڵام ئەوەی لە نێو نەتەوەی خۆ ما ند ا بینیومە، لە هەموو ڕێکخراوەکاندا بە بێ هیچ جیاوازییەک، هەر گرووپ و ڕێکخراوێک کە لە حیزب و ڕێکخراوێک جودا بوویێتەوە، لە ڕاگەیەندراوی ئینشعابەکەیدا هێناویەتی کە هەوڵ بۆ یەکڕیزیی نێو ماڵی کورد و تەبایی و دۆستایەتیی هەموو ڕێکخراوەکان دەدا! نازانم بە ئینشعاب چۆن دەکرێ کە حیزب و ڕێکخراوەکان یەکڕیز بکرێن؟! ئەوەندەی تێگەیشتبم ئینشعاب بریتیە لە قبووڵ نەکردنی یەکتر و چاندنی تۆوی دووبەرەکی و پەرتەوازەیی و دوورخستنەوەی دەستەکان و ڕووخاندنی ورە و هیواکان. ئەوەی کە زیاتر لە هەموو کەس یەکڕیزیی کورد و پێکەوەبوونی بۆ گرینگە، دەبێ زیاتر لە هەمووان ئامادەیی خۆبەختکردنی هەبێ و لە خۆیەوە دەست پێ بکا و لەبەرانبەر دۆست و هاوڕێ و هاوسەنگەرە دێرینەکانیدا بۆیان دابشکێنێتەوە و یەکڕیزیی کورد لە کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئینشعاب و وەسەریەکخستنەوەی ڕیزی هێزەکانەوە دەست پێدەکا. ئەوەی زیاتر لە هەموو کەس پەرۆشی بەرە و چەتری هاوبەشی کاری سیاسییە لە کوردستان، با زیاتر لە هەموو کەس فیداکاریی لەبەرانبەر هاوڕێ کۆنەکانیدا هەبێ و لەگەڵ ئەوان یەک بگرێتەوە، با هیوای پێکەوە بوون بۆ خەڵک بگەڕێتەوە و دواتر خەڵک بڕوامان پێ بکا لە پێناوی ئاواتی ئەوان و ئارمانی خەڵکدا ئا ما دە ین کە لە بەرژەوەندی و پێگە مەجازییەکانمان دەست هەڵبگرین، نەک لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆماندا ڕیزی خەبات لەتوپەت بکەین.

قسەیەکی دیکە کە پێویستە لەگەڵ بەڕێز کاک عومەر بیکەین ئەوەیە کە؛ کاک عومەر لەژێر کاریگەریی هاندانی پێشکەشکارەکەدا، بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ پاوانخواز، دوایە ناوی ڕێکخراوکە ناهێنێ، بەڵام بە یەکێکی دیکە دەڵێ هاوپەیمانی فاشیستە دژە کوردەکان، بە یەکی دیکە دەڵێ لە خانەی نەتەوەییدا جێی نابێتەوە و یەکی دیکەی پێ هەڵەیە کە بەرەو لای کۆماری ئیسلامی دەکشێ. هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەشی بە ورد و درشتەوە پێ هەو نیە و لە حیساب نایەن. دوو پرسیار لێرەدا زەق دەبێتەوە:

**یەکەم** — کاک عومەر بەو بۆچوونانەوە لەگەڵ کێ بەرە پێکدێنی و بە چ مەبەستێک؟

**دووهەم**- بەو تێڕوانینەوە بەرانبەر بە هەموو حیزبەکان، کێ پاوانخوازە؟

**کێ بوو کە بۆ کۆبوونەکان ئامادە نەبوو و کۆبوونەوەی پەک دەخست؟**

قسە لە سەر بەرەو کاری هاوبەش و چەتری هاوبەش و هاوکاریی نێوان حیزبەکان زۆرن و دەرد و ئازاریش زۆر، هیوا و ڕووناکییش بەدی دەکرێ و دونیا یە کسە ر تارمایی نییە.

خودی کاک عومەر و هاوڕێیانی لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەزانن کە بۆ دانیشتن و دیالۆگ لە پێناوی نەک شتی گەورەی وەکوو بەرە، بەڵکوو شتی تاکتیکی و شتە جوزئییەکاندا کە قەراری دانیشتن هەبوو، چۆناوچۆن بە بیانووی جۆربەجۆرەوە بە ناکاملی بەڕێوە چوون و چ ئاکامێکیان هەبوو و تاقە یەک دانیشتن نییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێکی دابێتن، بەڵکوو زۆر جار لە زۆر شت گوزەشت کراوە و هەوڵی ڕازیکردنی ڕێکخراوی دیکەمان داوە تاکوو فلان ڕێکخراویش لە دانیشتنەکەدا هەبێ، بەڵام کاک عومەر لەوپەڕی بێ ئینسافیی سیاسییدا دەڵێ؛ حیزبی دێموکرات پاوانخوازە و کۆبوونەوەکانی پەک خستووە! بەڕێز کاک عومەر ئێمە و ئێوەش دەزانین کە وا نیە.

حیزبی دێموکرات گەر بۆ زۆر کۆن نەگەڕێینەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا هەوڵی ئەوە بووە کە هەتا دەکرێ ڕێکخراوی دیکە بهێندرێتە نێو بازنەی هاوکاری و لێک نزیکبوونەوە و زۆرجار هەوڵی زۆری لە پێناوی ڕازیکردنی ئەوانی دی داوە کە لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش ڕێکخراوەکانی دیکەی وەکوو بەڕێز کاک عومەر، یان کەسانی دیکە کە لە بەردەم ڕاگەیاندنەکاندا دەست بە موزایەدە دەکەن، بەڵام لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا جۆرێکی دیکە هەڵوێست دەگرن، دەیانەوێ هەموو تاوانەکان بخەنە ئەستۆی حیزبی دێموکراتی پاوانخواز! گەر هەموو گرفتەکان و تاوانەکان هی حیزبی دێموکراتە و حیزبێکی پاوانخوازە، بۆچی خۆتان بە وەها حیزبێکەوە ماندوو دەکەن و بەرژەوەندییەکانی گەل وەدوا دەخەن؟ لە ئەمڕۆ سبەی زووتر نییە، ئێوەی حیزبی ئازادبیر و کراوە کە ڕۆحی پاوانخوازیتان تێدا نییە و لە پێناوی بەرژەوەندیی گەلدا لە هەموو شتی خۆتان دەگوزەرێن، بە ر ە یە کی سە ر تا سە ری هەموو حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێک بێنن و خەباتی جیددی بە دژی دوژمن بکەن، با حیزبی دێموکراتیش لە پاوانخوازیی خۆیدا بمێنێتەوە و لە کۆمەڵگای کوردستان تەریک بکەوێتەوە!

**لە گۆڕەپانی کردەوەدا، یەکگرتنەوە و کاری هاوبەش دێتە ئاراوە**

پێکهێنانی بەرە ڕەنگە ئەو کاتە هەست بە پێویستییەکەی زیاتر بکرێ، کە هەرکامەمان لەو ڕێکخراوانەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا خۆمان بە شتێک دەزانین، لە پێناوی ڕزگاریی خەڵک و بەگژداچوونەوەی دوژمندا هەندێک زۆرتر کردەوەمان هەبێ و هەموومان ڕوانگەیەکی یەکسانمان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پێناسەمان بۆ دوژمنی هاوبەش هەبێ، ئەوکات دەتوانین هیوادار بین کە هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵ دەگیرێ، دەنا دوور لە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەبات بین و یەکتر بەوە تاوانبار بکەین کە هێزی بورژوایی و هێزی گرێدراو بە عەرەبستان و هێزی سەر بە فلان شوێن و لە پێناوی بەرژەوەندیی فلان شوێندایین، و کار وکردەوەی یەکتر بە بەسراوە بە ئەم و ئەو بزانین و کارەساتەکان کە بەسەرماندا دێن بە "دەسکرد"! بزانین و یەکمان کۆماری ئیسلامیی پێ ئەمری واقیع بێ و ئەوی دیکەمان بە دوژمنی سەرەکیی کوردی بزانێ و یەکی دیکەمان سیاسەتی ڕوونی بەرامبەر نەبێ، ناتوانین بەرەیەکی هاوبەش پێک بێنین. ئەو چەترە چەتری کۆکەرەوە نابێ، بەڵکوو تێکەڵبوونی هەموو فرێکانسەکان دەبێ کە یەکدی پووچەڵ دەکەنەوە و خەڵک ئیتر نازانێ گوێی لە چی دەبێ.

دەردی گرانی سەرباری هەموو ئەوانەش، خۆ گەورەتر بینین لە ڕێکخراو و حیزب و خۆ گەورەتر بینین لە خەڵک و گەلە و ئاکامەکەی دابڕان و ئینشعاباتی زۆرتر دەبێ. پێم وایە دوو قۆناغی گرنگی بەردەممان پێش لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرە، بریتییە لەوەی کە یەکەم هەوڵ بدەین داخ و دەردی ئینشعابەکان کەم بکەینەوە و بە وەسەریەکخستنەوەی ڕیزی حیزبەکان، هیوای پێکەوە بوون بۆ گەل بگەڕێنینەوە و پێش و پاش و لەگەڵ ئەوەشدا هەرکامەمان هەوڵ بدەین لە مەیدانی کردەوەدا خەباتی خەڵک بە گژ دوژمنی سەرەکیدا بەگوڕتر لە جاران بکەین. گۆڕەپانێکی گەورەی خەبات و تێکۆشان لەبەردەمە و دۆخەکەش زۆر زۆر گۆڕاوە و پێویستییەکان گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە. لەم گۆڕەپانە نوێیەدا نە جێگەی پاوانخواز دەبێتەوە ونە جێگەی بێکردەوەی فرەدوو. کات، کاتی کردەوەیە و داهاتوومان بە دەستی خۆمانە.

٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٥



# نیشانەناسیی ڕاسان وەک شەڕی نوێ

ن: دیاکۆ موورادی
و: جەماڵ ڕەسوڵ دنخە

## دووبارە پێناسەکردنی مانای ڕاسان

ڕاسان وەک ڕووناکیی هومێد، وەک هۆکارێکی ڕووناکبیرانە، وێنای مرۆیی خۆی وەک پێوەندییەکی بابەتی ڕاستی و بنیاتنەر دەخاتە ڕوو. ڕاسان بە سەرنجدان بە شرۆڤەی مانای هێز، کۆی گشتیی پێکهاتەکەی بە ئاستێکی جیاواز لە هۆکارێکی پێکهاتەهێنەر دابەش دەکات کە لە بنەڕەتدا ئەو دابەشکردنە، وێنایەک لە ئیدئۆلۆژی لە قاڵبی حەقیقەت و باتڵدا دێنێتە بەر باس. پشکی جیاواز و زەقی ڕاسان لە بەیانی ئامانجە درێژماوەکانی، بە شێوەی گشتی، ئەو کارکردەی دەبێت کە لە بابەتی بەرهەست و تاکەکان، ڕەخنەیەک درووست بکات کە بە کەڵکوەرگرتن لە "آماس فرنچ تئوریک" ڕەنێوهانین و هەمدیس ڕەنێوهانین (تولید و بازتولید) بیردۆزیی کۆمەڵناسی، بە تایبەت مرۆڤناسیی سیاسی پێشکەوتن بدات. تێگەیشتنی ڕاسان لە هەربوونی (جاودانگی) ژیانی مرۆڤ، جێگایەک لە نێو مێژوو دایە و هەر ئەو بوون لە ناو مێژووییەدا، بەرهەمی بابەت لە ڕێگای ئیدئۆلۆژی لا دەبات.

ڕاستی ئەوەیە کە ئێمە، لێکۆڵینەوەکانی خۆمان بە ئاشکرابوون و ڕسکانی نیشانەناسیی (تکوین نشانە شناسی) شەڕ گرێ داوەتەوە تا بەرهەمی خوێندنەوەکانمان دوور لە هێزە نامۆکانی مۆدێرنیتە، پێشکەش بە بارەگای دەسەڵاتی زانستی سیاسی و ناسین و پتەوبوونێکی ڕێکخراو بکەین. ڕاسان بەردەوام لە یادیدا هەیە کە شانازی، بۆ هەر کەسێک نیە، بەڵام شادی و خۆشی بۆچی! ئەو هەستانەوە دووبارەیە بە سەرنجدان بە پێکهاتەی نوێی زانستییەکی، لە هەوڵی ئەوە دایە کە زانستە مرۆییەکان بەهێزتر بکات. ئەوە هەمان پێوەندیی سۆزداری و یەکگرتوویی بیری ڕاسانە. ئەمرۆ بەڵام شادیی ئێمە لە چەشنێکی دیکە. شادی لە قوولایی ناخ و لە هەمان کاتدا بەرپرسیانەتر.

بوتیقای هێز بە ڕوانگەیەکی ئێنتۆلۆژیک:

پلانی ئێمە، پلانێک لە هێز، لە دەرەوەی هێز، بۆ شانازیی پێکەوەژیانی شادتر لەگەڵ مرۆڤەکانە، لە دەرەوەی زۆنی هێز، بۆ دابەشکردنی عادڵانەی پشکی ژیان و شادی!

کەوابوو هەوڵی ئێمە لەم دۆخە چوار دەور گیراوەدا، نە قازی بوونی دەوێت و نە هەڵبژاردەگەر، بەڵکوو کەماڵ بەخشین بە یەکیەتییەکە کە قانی ناعادڵانە لە لایەک وێران و لە لایەکی دیکەوە مەیل و حەزە شۆڕشگێڕەکان بە شێوەیەکی عەقڵانی هاوڕێ لەگەڵ هیدایەتکردنی "برون متنی" تا سەر حەدی سەرنیا کردنەوە ئامادە دەکات. بەڵام ئەوەش باس دەکەم کە گفتوگۆی نوێی ئێمە، جیا قەید و بەندی نەهادینەگی، کردەوەیەک نیە کە ئیدعای مەودا لە "کمپلکس لیبدوی" دەسەڵات و هێزی هەبێت. چۆنکە ڕاسان بەردەوام پرسیار لە خۆی دەکات کە کە چە دۆخێکدا وەدوای شەڕ دەکەوێت کە لە گێژاوی هەر جۆرە کەڵکاژۆیەک لە ئەماندا بمێنێتەوە؟ ئەمرۆ ئەگەر بمانهەوێت شرۆڤەیەکی غەیری ئابووری لە هێز بکێشینەوە پێویستیمان بە کام کەرەستەکانی ڕەخنە هەیە؟

بە لە بەرچاوگرتنی کەموکورتیی کەرەستەکان، ئێمە وێنایەکی ئیجابی دەدۆزینەوە کە هێز نە دراوە، نە دەستاودەست دەکرێت و تەنانەت وەبەر دەهێنرێتەوە؛ بەڵکوو تەنیا و تەنیا ئیعمال دەکرێت. هەستانەوەی دووبارەی ئێمە ئیدعای ئەوە دەکات کە ئەو هێزە، لە بنەڕەتدا پاراستن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی پێوەندییە ئابوورییەکان نیە؛ بەڵکوو پێش هەموو شتێک جۆرێک پێوەندیی نەدواندنە (قهر). بۆیە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئەگەر هێز بەکار دەهێنرێت، کام جۆر هێز دەبێت؟ ڕێو و شوێنەکانی کامەنەن؟ وڵامێکی دەستبەجێ هەیە کە هێز لە ئەسەڵدا ئەو شتەیە کە سەرکوت دەکرێت؟ جۆری بەرۆژبوونەوەی زانستیی ڕاسان، بەردەوام پێداگری دەکات کە ئەگەر مانای هێز بە مانای واقیعیی وشە(چۆنیەتیی بەکارهێنانی پێوەندی نەدواندن تا خۆدەرخستنی تەجەللی عەینی) لە نەزەر بگرین یا ئەوی بە واتایەکی دیکە، شرۆڤەیەک بەپێی پێدان (واگذاری)، قەرارداد، یا دان (تفویض) و یا لە مانای جۆرێک کە کارکردی لە پاراستنی پێوەندییەکانی بەرهەم بێت بزانین، نابێ هێز بەپێی خەبات، ململانێ و شەڕ شرۆڤە بکەین؟

بەڵێ، وڵامێکی ڕاستە، هێز، گریمانەیەکی دووهەمی شەڕ و شەڕ هەمان درێژەی سیاسەتی نیزامی کۆماری ئیسلامیی بە جۆرەکانی دیکە بۆ درێژەی مانەوەی خۆیەتی.

ئەمرۆکە ئێمە لەگەڵ پاکیەکی مۆدێرن ڕووبەڕووین کە لە هێز، بە چەشنێک بوونی یەکپارچەیی قسە دێنێتە سەر زمان. لەم سەرەی هێزدا، خاون هێزەکانن و لە سەری دیکەدا، دەستە کورتەکان لە هێز. هەر بەم جۆرەی کە "هایدیگێر"، بە نموونەی پێکهاتەشکێنی خۆی، بڵاوبوونەی هێزی دژی مرۆڤتەوەری دەزانی، ڕاسان لە دەستبەرکردنی ئامانجە نوێیەکانی خۆی بە کەڵک وەرگرتن لە نموونەی پێکهاتەشکێنی هایدیگێر "Deconstruction" هێزی نە تەنیا وەک شتێکی سیاسیی نموونەوار، بەڵکوو هێزی بوونێکی چەند بەش دەزانێت کە "بن مایەهای "Gemeinschaft" کۆمەڵگا و نەتەوە بنیات دەنێت. لەوانەیە پرسیارێکی گرینگ وەک خۆی بە هێز مابێتەوە کە ئەگەر هێز، بوونێکی چەندجۆری هەبێت؟ ئیدعای ئەو دەبێ چ لێ بکەی؟ هێنانەگۆڕی ئەم مەسەلەیە، پێویستیی کردەوەیەکە کە مەنتقی ڕەوایی گوتاری هێزی ڕەها(مطلق) بکێشێتە بنەوە.

کردەوەیەک کە فام ئاکامی کۆنبوون و پەستی نەزانێت و ئامادە بێت کە نە هەرای غەروور بنێتەوە و نە هەرای لەخۆبایی بوون. درووست هەر وەک ڕێژیمی ئێستا کە بە خۆ وەسفکردنی گەورە و نارەخنەگرانەی، تەواو لە سەر بنەمای سەرکوتی پێداویستی هەقیقییەکانی تاکەکان شرۆڤە کراوە.لە هەر لاوە، لە هەموو ڕەهەندەکانەوە، لە بەرپرسان و دەزگا و کۆمەڵانەوە بگرە تا هەموو بەشەکان و گرووپەکانی سەرکوت و گوشار لەژێر ئاڵای ئینتێرناسیۆناڵ، دەنگی مەجازی ئێزنیان هەیە کە ئێمە هێزمان بە دووبارە خولقاندنی گفتوگۆی ئیدئۆلۆژیک، جیاواز لە نموونەی ڕەخنە لە دەستدا هەیە. بەم چەشنە دەزانین کە هێز لە هەموو ڕێوشوێنەکان، تەنانەت لە بچوکترین ڕێوشوێنەکانی ئاڵووێری کۆمەڵایەتی ئەمرۆی ئێمەدا ڕیشەی هەیە. نە تەنیا دەوڵەت، چین و گرووپەکان، بەڵکوو هەروەها لە بیچمە سەرزەنشتکارانەی "سانتی مانتالیسم"، باوەڕە باوەکان، نمایشنامەکان، گەمە وەرزشییەکان، ئیتلاعات، پێوەندیی بنەماڵەیی و تایبەت و تەنانەت ڕاپەڕینە ئازادیخوازەکان کە گوتاری هێز لە دوای سەرکوتی ئەوە. مەبەستی ئێمە لە گوتاری هێز، گوتارێکە کە هەستی تاوان بە هەڵە لە تاکدا دروست بکات. دەسپێکەری هێز، هەمان دروستکردنی ئەو هەستە بە گوناحە. شەڕی ئێمە، شەڕێکی سەخت دژی هەموو هێزەکانە و ئەو شەڕە، وەرگیراو لە زات جەوهەریی کردەوە و پێکهاتەشکەنیی دەبێت. چونکە هێز، لە فەزای کۆمەڵایەتیدا، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە و لە ڕەهەندی مێژوویی، بوونی دایمی و وێکچوو دەبێت. لە هەر جێگایەک هێز ڕابگیرێت، لە جێگایەکی دیکەوە سەر دەر دەخات و هەرگیز لەناو ناچێت: شۆڕش دەکەین تا ڕیشەکەی وشک بکەین، بەڵام بەدوای ئەو دا خۆد پەیدا دەکاتەوە و لە شوێنێکی نوێوە چرۆ دەکات.

هۆکاری ئەم سەرسەختی و بوونی هەمە لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی کردەوەی "انگلوار" هێز لە پێوەندی لەگەڵ ژیانی ژیانەکانی "Existanse" کۆمەڵایەتی و بان کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە هەمووی مێژوودا و نە تەنیا مێژووی سیاسیی ڕاسان، ڕووحی هێژمۆنیی "پساساختگرا" بە هاندەری مانا لە خزمەتی هێز کەمرەنگتر دەکات.

### پۆزیتیویزمی لۆژیکیی زمانناسیی ڕاسان

زمان، قەرارداد و داتایکە کە لە ناخی مرۆڤدا، ڕیشەی داکوتاوە. توانایی قسەکردن، لە حوکمی یاسادارێژیە "Legislation" کە زمان ڕەمزەکانی ئەوە. ئێمە توانای دیتنی هێزی شاراوە لە زماندا نین. ڕاسان باوەڕی وایە کە هەر زمانێک یەک جۆر پۆلێن بەندییە و هەر پۆلێنبەندیەکیش، سەرکوتکەرە.

"یاکوبسن" پیشان دەدات کە یەک وشە، زیاتر لەوەیکە لەگەڵ مانای خۆی تاریف بکرێت، لەگەڵ ئەو شتەی کە ئێمە وادار بە قسەکردن دەکات، هەڵدەسەنگێندرێت. نموونەی حەرەکەتی زمانی دێموکراتیزەی ڕاسان، بە جێگرتن لە شوێنی بابەتیانە، تەنیا کردەوە بەوی نیسبەت دەدات، کردەوەیەک کە مەقامی زمان لە هێز لابدات و لایەنی وابەستەکراوی گشتیی بە باتڵ دەزانێت. چونکە دێموکراتیزەکردنی زمانی ئێمە هەوڵ دەدات لە نێوئاخی پێکهاتەی خۆیدا، سەپاندنی پێوەندیی جەبری لە خۆدی بێگانەساز لە بەرنامەی زمانی حەزف دەکات.زمانی سیستەمی توتالیتەری ئێرانی لەگەڵ دواکەوتوویی و چەقبەستوویی بێگانە نیە. نیشانەناسیی زمانی هایدیگەر، تێگەیشتنی ڕاسان لە زمانی شەڕ، بۆ ئاقارێک دەبات کە شێوەی سانترالیزمەکەی، یەقینی هەبێت کە زمان بە پەیام بێ توانا ناکرێت. واتا بەقای زمان، سەربەخۆ لە پەیامە و لە دەنگدانەوەیەکی ڕەوشەندا، شتێکی دەڵێت کە پەیام لە بەیانکردنی ئەو کورتە. بە واتایەکی دیکە، زمانی ڕاسان لە سەر دەنگدانەوەی ئاگاهانە و عەقڵانییەکەی، بابەتی دەنگێک بەکار دێنێت کە یەکسەرە لەگەڵ لە ناکۆکی دایە.دەنگی زاڵ، سەرسەخت و نەبەز کە هەڵقووڵاو لە دڵی پێکهاتەی زمانە. هەمان چوارچێوەی کە بە زمان قسەی پێ دەکەن. چونکە زمانی ڕاسان لە ژینگەیەکی عەقڵانیدا گەورە بووە، بۆیە پەیڤی ژێرکەوتەی عەقڵانیەتی سیاسیی دەزانێت. لەو ڕوانگەیەوە ئێمە باوەڕمان هەیە. ئەو عەقڵانیەتە، ڕێگە بە زمانە نادێموکراتیکەکان نادات. ئەو لە حاڵێک دایە کە زمانە نادێموکراتیکەکان، نە تەنیا چەقبەستوو و پێشڕەو نیین، بەڵکوو تەواو فاشیستین. زمانی فاشیزم، بەرەبەستی گوتن یا بەستنی پەیڤ نیە، بەڵکوو تەنیا ئیجبارکردن بە گوتنە. هەر ئەم جۆرە کە دەبینین زمانی فاشیستیی کۆماری ئیسلامیی جیا لە دەنگی ناخۆشی، تەنانەت لە ناخی هەڵکەوتە دۆستانەکان لە بابەتێکدا لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا جێی دەبێتەوە. بەم شێوەیە، زمانی زانستیی ڕاسان، لە هەوڵ دایە، گەلانی جیهان بە ئیجبار لەگەڵ دوو هونەر(موتیف) بەرەوڕوو بکات. یەکەم، توانایی و هێزی ڕستە ئەرێنییەکان و کۆکردنەوە "Gregarite". زمان لە لایەکەوە، بە بێ هیچ نێوبژیوانێک، ئەرێنیە. نەفی، شەک و هەڵپەساردن لە داوەری، ئەو بکەرانەن کە گەمەی شاراوەی زمانیی تایبەت بە خۆیان هەیە. لایەنێک لە زمانناسی ئەو وەک بڕیار و نەزمێک دەزانێت، هەمان نیشانە کە نیزامی سەپێنەری(سلطە گر) کۆماری ئیسلامی یەک زمانی تەکمیلکەر وەک نموونەیەک لە پێکهاتەی نیوە دێسانترالی خۆی هەڵدەبژێرێت تا وەکوو کەرستەیەکی یارمەتیدەر هەوڵ بدات کە لە باری چاولێکردن کەم بکاتەوە. نموونەی ئەویش دەتوانین لە دوایین شەڕی سیستەم لە سووریە، بە تایبەت شاری حەلەب بە ڕوونی ببینین. شەڕێک کە ڕاسان لە سەر پیرۆزبوونی مافەکەی پێداگری دەکات، زمانی شەڕێکە کە نیشانەکانی دروستکردنی ئەو زمانە، تەنیا تا شوێنێکی تایبەت، بازشناسی نەکرێت. لە ئاکامدا (فوسیس) "سروشت" و هێزی بوونی ئێمە لەم جۆرە زمانناسییە، قسەیەک سەرووتر لە کەڵک وەرگرتن لە ماناکانی "پیشی گیرندە" لە زمان دایە.هەر بۆیە لە نێو زماندا، بەندەگی و هێز، هاوژینی یەکترین و ئەگەر باس لە ئازادی دەکەن، هێزی ئەوەمان هەیە کە هێزی سەر پێئەسپێردراو بە دەسەڵات بە پێچەوانەی ئەو بەکار دێنین و هەر ئەوەش، شوێنی دەسەڵاتداریی زانستیی ڕاسان لە بیاقی خۆڕاگریی نوێی سیاسی دەر دەخات. ئێمە لە بیاقی بونیادین و جیهانیی نیشانەناسیی زمانی شەڕ، سەرنج و بیرمان لە سەر بواری دەرەکیی توانینی بێژەری پاڵی داوەتەوە و جلی دواکەوتوانەی دیوار زمان ئیسلاح و پێداچوونەوە دەکەین. بواری ناولێنانی ئەویش، هەمان گەوەریی خەباتی حەفتا و چەند ساڵەی ئێمە کە بە بەشی خۆی ئەمرۆ ناوی ئەدەبیاتی ڕاسانمان لە سەر داناوە.



## لە ڕۆژهەڵات یادی کۆڵبەرە کوژراوەکان بەرز ڕاگیرا

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، قوتابیانی قوتابخانەی "ئینقلابی ئیسلامی" لە شاری جوانرۆ، سەبارەت بە گیان لەدەستدانی چوار کۆڵبری کورد لە شاری سەردەشت لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هاودەردیی خۆیان بە نیسبەت ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دەربڕی.

قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی قوتابخانەی "ئینقلابی ئیسلامی" شاری جوانرۆ، بە بۆنەی گیانلەدەستدانی چوار کۆڵبەری کورد لە شاری سەردەشت بە هەڵگرتنی پلاکارت و نووسراوە هاوخەمیی خۆیان بەو بۆنەیەوە دەبڕی و یادی ئەو چوار کۆڵبەرە کوردە کە بۆ دابین کردنی بژیوی ژیان ڕوویان لە پیشەی کۆڵبەری کردبوو، بەرز ڕاگرتووە.

هەروەها لە شاری کامیاران، ژمارەیەک لە چالاکانی ژینگەپارێزی، هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ خەڵکی شاری سەردەشت سەبارەت بە گیانلەدەستدانی چوار کۆڵبەری ئەو شارە دەربڕی.

هەروەها، ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنیی شاری مەریوانیش، بە نۆرەی خۆیان هاوسۆزیی خۆیان بۆ گیانلەدەستدانی کۆڵبەرانی شاری سەردەشت دەبڕی.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندان، بارینی بەفر و هەرەسی ڕنوو لە شاری سەردەشت، ٤ کۆڵبەری لە گوندی "بێورانی سەرێ"ی سەر بەو شارە، کردە قوربانی.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە هۆی بارینی بەفر و کڕێوە و سەرما لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، سەرجەم ٥ کۆڵبەر و سێ کرێکاری کورد گیانیان لەدەست داوە.

## چالاکییەکانی ٢ی ڕێبەندان بەردەوامە



خەڵکی تێکۆشەر و قارەمانی کوردستان بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە جۆش و خرۆشێکی بێوێنەوە ٢ی ڕێبەندان یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕادەگرن و چالاکیی جۆراوجۆری تەبلیغی بەڕێوە دەبەن.

لاوانی شۆڕشگێڕی کرماشان بۆ چەندمین جار لە شاری کرماشان یادی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت و لە تاقوەسان، پارکی کوهستان و شارەکی زەفەر چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری کامیاران بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەدەبیرستانی ڕازی،دەبیرستانی مۆعەلیم،دەبیرستانی ئوستاد شەهریار، دەبیرستانی کچانەی کەوسەر،دەبیرستانی کچانەی فاتمەی زەهرا،دەبیرستانی ڕەجایی، هونەرستانی"خوارزمی"، دەبیرستانی ڕەستگاران، کۆڵانەکانی دەورووبەری نەخۆشخانەی سینا، کۆڵانەکانی کامیارانە کۆن، دەوروبەری مزگەوتی خومەینی،شارەکی بێعسەت، دەوروبەری ئاپارتمانی شارەکی بێعسەت، ١٢میتریی تەوحید، کۆڵانەکانی دەوروبەری١٢ میتریی تەوحید و لەکۆڵان بە کۆڵانی کامیاران تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەریوان، لە"گوڵچیر و سەردۆش"، تراکت و پۆستێری تایبەت بەم بۆنەیان چاپ وبڵاوکردەوە و هەروەها شێرە کچانی شاری سنەی قارەمانیش ڕێزیان لە ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان گرت.

هەروها تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان شەوی پێنجشەممە لە سەر هەینی لە قشڵاقی پرد چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

## دوو شاخەوانی ئیلامی لووتکەی کلیمانجارۆیان بڕی



بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، دوو شاخەوانی کوردی خەڵکی شاری ئیلام بە ناوەکانی"ئیرەج ڕەجبی و نێعمەت تەقی پوور" توانییان بەرزاییەکانی لووتکەی شاخی کلیمانجارۆی وڵاتی ئافریقا ببڕن و بگەنە لووتکە.

شاخی کلیمانجارۆی وڵاتی ئافریقا ٥٩٨٥ میتر بەرزە و یەکێک لە چیا بەرزەکانی جیهان بەئەژمار دێت.

ئەنجومەنی شاخەوانیی شاری ئیلام، ناوەندێکی ناحکومیی و ناسیاسیە و بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکات.

ئەو دوو هاووڵاتییە لە سەر گیرفانی خۆیان بۆ بەزاندنی شاخی کیلمانجارۆی وڵاتی ئافریقا ڕۆیشتبوون ولەلایەن هێچ ناوەندێکی حکوومەتییەوە پشتیوانییان لێ نەکراوە.

هەروەها، هاوینی ئەمساڵ، ٣٤ کەس لە ئەندامانی شاخەوانیی ئیلام لەسەر گیرفانی خۆیان شاخی "ئاراگاتس"ی وڵاتی ئەرمەنستانیان بڕیوە.

# تەگەرەکانی سەر ڕێگای پێشکەوتنی شێوەزار لە کرماشان !

**ئاوات ساروج**

کرماشان بە جۆغرافیای پان و بەرین، حەشیمەتی زۆر، فرە شێوەزار و ئایینیی جۆراوجۆر ناسراوە کە هەمیشە جێی باس و خواس، مەیدانی سیاسیی جەزب و دەفع و هەروەها شەقامی هاتوچۆی ڕێبوارانێک بووە کە هەموو هەڵسوکەوت، بیروباوەڕ، فکریەت و هزر و تەنانەت تەماشا و گوتاریان لە سەر وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی - سیاسی و هەروەها قۆناخی فەرهەنگی هۆنەریی ئەم دەڤەرە باندوریان هەبووە و لە قۆناغە جیاوازەکاندا و بگرە زۆر جار ئاکامەکەی وەک لاسەنگی بە لای نەیار، دوژمن و دەسەڵاتداری بەرژەوەندیخواز و مەرکەزگەرادا دیاری و لار بۆتەوە !

بە دەر لە ڕەنگاوڕەنگی ئایینی و ... . کە لە ئۆستانی کرماشان هەیە، ئەم تایبەتمەندیانە زۆر جار لە سەر بیر و هزری نیشتمانی و نەتەوەخوازیی تاکی کورد بێ باندور نەبووە و سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتی هۆویەتخوازی و شۆناسی نەتەوەیی لە بوارە جیاوازەکاندا، کە هەم کەمتەرخەمی و بێ ئاگاهیی تاکی کورد، هەمیش پیلان و پڕۆژەی دەسەڵات و مۆرە چێندراوەکانی سیستەم ، لە ڕێگای نووسین ، دەنگ و ڕەنگ ،گوتار و خوێندن ئەوەش بە بەرنامە و پڕۆژەی لە پێش داڕێژڕاو، زۆر جار کێشەیەک کەوتووەتە بەرچاو و ئەگەر لێی ورد ببینەوە هەر چەندە دەستی نەیاری کورد و سیستەمی مەرکەزگەرایی ئێران لە قۆناغە جیاوازەکانی دەسەڵاتدارییدا بە زەقی تێیدایە. بە دەر ئەوەی لە بەر چاوە، خاڵە لاوازەکانی ئەم دەڤەرە بۆ لێدانی زەربەی دیار و کاریگەر لە لایەن پیلانگێڕەوە هەر بە ئاسانی و کەم هەزینەش جێبەجێ کراوە و خۆی نیشان داوە. بۆیە باشتر وایە بە ڕۆنی شرۆڤەیەک لە سەر شێوەزارەکانی ئەم دەڤەرە بکەین کە لایەنی قازانج، دەوڵەمەندی و تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی ئەم دیالیکتانە چین و لایەنی لاوازی ئەم شێوەزارانە کە بووەتە هۆی دەستێوەردان و دووبەرەکی نانەوەیان خۆد هۆی کێشە و گرفت یان لەمپەر لە لای تاک و ڕۆشنبیر و کۆڕی ئەدەبی و هەروەها لە کۆمەڵگای دەست بە قەڵەمی کوردی، بەدی هێناوە و سەرەڕای ئەم کیشانە کە بوونیان هەیە و هێشتا چارەسەر نەکراوە و بگرە ڕو لە زیاد بوون دایە!

دیارە زمانی کوردی بە شێوەزارەکانی خۆیەوە دەوڵەمەندە و بەرفەراوانی وشە و دەستەواژەی پڕ مانا و هەروەها گرانیی باری ئەدەبی لە نووسین، خوێندنەوە، هۆنەر و لایەنە جیاوازەکانی زمانی، بە نرخی و جوانییەک بەم زمانە دەدات کە دەڤەر بە دەڤەر و شێوەزار بە شێوەزاری ئەم زمانە، تایبەتمەندی جیاواز و بەرهەمی جیاوازی پڕ بەهای لێ دەکەوێتەوە.

کرماشانیش لەم تایبەتمەندیە بێبەش نیە و ساڵەهای ساڵە شاهیدی لاپەڕەی زێڕینی ئەدەبی و نووسینی بەرفەراوانی ئەدەبی لە بابەتە جیاوازەکاندا هەیە و خۆی نواندوە و پێگەی فەرهەنگی - ئەدەبی و دەوڵەمەدنی خۆی نیشان داوە. بەڵام لێرەدا هەبوونی چەند شێوەزار وەک کەڵهوڕی، لەکی، گۆرانی و بگرە بە ڕێژەیەک کەم لوڕی

خۆی دەتوانێت هەم گرانی و دەوڵەمەندیی ئەم زمانە بگەیەنێت و هەمیش کێشەکان دەر بخات !

ئەوەی کە ئەم ئۆستانە لە جۆغرافیای جیاجیای خۆیدا، شێوەزارەکان خۆیان دەکەونە زار و بێژە دەکرێن و دەنووسرێن ،هەرچەندە زیاتر بن هەنگاویکی ئەرێنی بەرە و یەکڕێزی و نزیکبوونەوە و بە ستانداردکردنی زمانی کوردیە و ئەمەش پاراوبوونی وشە و زمان و نووسین لازمەی ئەم یەکڕێزیەیە کە مەبەستە.

بەڵام ئەگەر سیستەمی دەسەڵاتداری مەرکەزی، بیر و هزری خێڵەکی و هەروەها شێوەزاریک زاڵ و بەرزتر لە دیالیکتیکی دیکە وەک لەمپەڕ و کێشەساز نەبن، هەنگاوەکان باشتر پێش دەکەون!

لێرەدا هەر ئەوە سیستەمە مەرکەزگەرایەی کە بە هەبوونی زمانی دیکە بێجگە زمانی فەرمی و هاوبەشی داسەپاو، قەڵسە و بە هەر شێوەیەکی پێویست هەوڵی لەناوبردن و کەمنرخکردن و هەروەها لە پەراوێز خستنی زمانی غەیری فەرمی (لێرە زیاتر مەبەست زمانی کوردی‌یە) دەدات، بگرە بە شێوەزار و ناوچەیی و کەم سنوور ناوی دەبات، هەر بە ئاسانی دەتوانێت لە ڕێگای دەنگ و ڕەنگی خۆیەوە وەک زۆر ساڵە شاهیدی تی ڤی زاگرۆس لە کرماشانین، بێجگە بێ ڕێزی و کەمنرخ زانین و دواکەوتووزانینی زمانی کوردی هیچ بەرهەمێکی ئەرێنی و گونجاو و بەنرخی نەبووە و ئەم سیستەمە لە ڕێگای مۆرە و دەست و پێوەندیەکانیەوە لەم ئۆستانە خەریکی دووبەرەکی نانەوە و دژایەتی سازکردن لە نێوانی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارانەیە و تەنیا نیەت و بەرنامە کە بە کرداریش دیارە بۆ لەناوبردنی زیاتر و بێنرخکردنی ئەم زمانە بووە، بینراوە و زۆر جار زمانی کوردی بە شێوەزاری لادێی و پاشکەوتوو و دوور لە کۆمەڵگای شارستانیەتی ئێستا ناو دەبات کە چی بە داخەوە بێجگە پێکەنینیکی تاڵ هیچ دژ کردەوە و وڵامدانەوەیەکی بە هەست و بە پیز لە لایەنی تاک و چینی ڕۆشنبیرو زانای کۆمەڵگای کوردیەوە نەدراوەتەوە، بگرە بە بێ دەنگی، کەمتەرخەمی و بێ لایەنبوونی خۆیان پەرە بەم شێوە کردارە ناشیرینەشیان داوە!

وەک بە کەڵک وەرگرتن لە شێوەزاریک بە شێوەی تەنز و کۆمێدیک یان خۆد تەنیا بۆ گاڵتە و وردکردن، بە ئاشکرایی کەسایەتیەکی کورد دژ بە شێوەزاریکی دیکە هەر بە چەشنی گاڵتەجار پیشان دەدات و زۆر ئاگاهانە مەبەستی خۆی بۆ بێنرخکردنی ئەم شێوەزارانە و بە گشتی لە بەرچاو خستنی زمانی کوردی بە کار دێنێت و داوا لە زۆر کەسانی ناشارەزا و نا تێگەیشتوو دەکات کە ئیتر پیان عار و شوورەیی بێت کە بەم زمانە قسە بکەن، ئەم پیلانەش ڕێک دەکەویتە پراکتیک و هەر بە ئاسانی و بە هێوری زمانی دەستکردیک وەک فارسیی کرماشانی کە لە هیچ ئەدەبیات و نووسین و خوێندنەوەیەکی زمانناسی و فەرهەنگی‌دا ناوی نیە کە چی بالادەست دەبێت و خۆی دەخزێنێتەوە ناو ماڵ و شەقام و ڕۆژەڤقی ڕۆژدا و تەنانەت لە قۆتابخانە و خوێندنگەکاندا وەک زمانی مەحەلی بە مەبەستی نزیک کردنەوە لە زمانی فارسی و پەروەردە لە ئەم جێگایانەدا دێتە هەژمار و دوای ساڵەها بەرهەمی خوێندنی تاکی کورد لە شێوەی ئاخاوتندا بە زمانی فارسی، دەبێتە هۆی وێرانکردن، وێژەی ناتەواو و نارەسابوونی شێوەی دەربڕینی ئاخێورەی فارسی و لە هەمان حاڵدا خاوەن شێوەزاریکی ناتەواو و تێکچوو!

بۆیە ئەمڕۆ لە کرماشاندا فارسی قسە کردن تەنانەت بۆ نووسینیش تێکەڵ بەو زمانە دەستکردەی فارسی – کرماشانی دەبێت و وەک زمانی کوچە و بازاڕ دەناسرێت.

لێرەدا ئاستی هۆشیاری،هەستی بەرزی نەتەوەیی، جیاوازی دانەنان لە نێوانی شێوەزارە کوردیەکان و نەهیشتنیان لە چوارچێوەی باوچە یان خێڵی دیاری کراو، هەروەها بەرز و دەوڵەمەندی و بەرفەراوان زانینی ئەم شێوەزارانە و هەوڵ و تەقەلای بە یەک نزیک کردنیان و بەشداری و لە یەک نزیکبوونەوەی چینی ڕۆشنبیر، ئەدیب و تێگەیشتووی ئەم دەڤەرە خۆی دەتوانێت گوتارێکی هاوبەش، خوێندنەوەیەکی تازە و بە نرخ، بەرە و یەکڕێزی، بەرفەراوانی، هاوشێوەبوون و پێشکەوتن لە شێوەزارە جیاجیاکانی کرماشان ببێت و هەنگاوەکان بەرەو پاشنەکەوتنی هیچ شێوەزاریک نەبێت و هەروەها هەوڵ بۆ یەکبوون و بە ستانداردکردنی زمانی کوردی بدرێت کە خۆی بناغەی ئەم باس و خواستە کەم تا فرە لە مێژە داڕێژاوە و بە خۆشیەوە بە لابردنی تەگەرەکانی ئاماژە پێکراو، هەنگاوەکان چڕتر، پتەوتر و پێشکەوتوتر دەبن.

# دەبێ بەرژەوەندی و مەترسییەکان لە چاوی نەتەوەی کوردەوە ببینین

## دەقی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ یادی کۆماری کوردستان لە ئامەد

هاورێیان و بەشداربووانی ئازیز
وێرای ڕێز و سڵاو

کۆماری کوردستان ڕووداوێکی گەورە و گرینگی مێژوویی و سیاسییە، لە مێژووی نەتەوەی کورددا دەورێکی بەرچاوی هەیە. لە مێژووی نەتەوەیەکدا کە بە سەدان ساڵ چەوساوەتەوە و زیاتر لە سەدەیەکە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بۆ گەیشتن بە مافەکانی تێدەکۆشێت و دەیهەوێت بیسەلمێنێت کە نەتەوەیەکە کە بوونی هەیە و ناتوێتەوە.٧١ساڵ لەمەوبەر لە ٢ی ڕێبەنداندا کیانێکی سیاسی لەدایك دەبێت کە دەبێت بە هێمایەك، بۆ نەتەوەیەکی چەوساوە و ستەملێکراو کە لەسەر بنەمای ئەو هێما و ئەو پێگەیە بوونی نەتەوەیی خۆی دەسەلمێنێت.

دوژمنانی کورد هەوڵ دەدەن کە بڵێن کورد نەتەوە نیە، بەڵام کورد وەکوو نەتەوەیەك و کوردستان وەکوو کیانێکی سیاسی جوغرافی سەلماندوویانە کە نەتەوەیەکن کە خاوەنی مافی ئینسانی خۆیانن. خاوەنی مافێکی نەتەوەیین و کۆماریان دامەزراندووە و وەک دەسەڵاتێکی دێموکراتیك کە بڵێن لەگەڵ ئەوەی کە ستەمان لێ کراوە لەگەڵ ئەوەی کە سەدان ساڵە دیکتاتۆرەکان و سەرەڕۆکان لەسەرمان زاڵ بوون و بە هەموو شێوەیەك چەوساندوویانینەتەوە و هەوڵیان داوە لە نێو ئێمەدا خۆیان بەرهەم بهێننەوە و دیکتاتۆرمان تێدا بار بهێننەوە، بەڵام ئێمە وەکوو ئەوان نین ئێمەی کورد لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی خۆماندا خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی مرۆڤایەتییش دەکەین. دەبین بە نموونەیەك کە هەرچەند ستەمان لێ دەکرێت، بەڵام دیکتاتۆر بەرهەم ناهێنینەوە دەسەڵاتێکی دێموکراتیك لە شێوازی کۆماریدا بەرهەم دێنینەوە.

لە گۆڕەپانی مەزنی چوارچرای مەهاباددا بە دەست و بە فکر و بە هێزی ئەندێشەی مرۆڤێکی تێکۆشەر، گەورە ڕێبەرێکی مێژووی کوردستان ئەو کۆمارە ڕادەگەیەندرێت، بە دەستی پێشەوای نەمر قازی محەممەد وەکوو ڕێبەرێکی کارامە و لێوەشاوە و شارەزا. بە دەیان جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا دەرەتان و هەڵکەوتەی سیاسی مێژووییمان بینیوە کە ڕەخساوە بۆ نەتەوەکەمان، بەڵام ئەو هەلانە لەکیس چوون، یان بە شێوازێکی نادرووست کەڵکیان لێ وەرگیراوە و بە زەرەری کورد و کوردستان شکاوەتەوە، بەڵام لە ١٩٤٦دا لەو دەرەتانە سیاسی و مێژووییەدا کە لە ناوچەکەدا دەرەخسێت، ڕێبەرێکی کارامە و لێوەشاوە وەکوو پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەرایەتی جەریانێکی سیاسی بە دەستەوەیە و کیانێکی سیاسی نەتەوەیی دادەمەزرێنیت، کیانێك کە بۆ ئێستا و بۆ داهاتووی ئەو نەتەوەیە بووە بە بەڵگەی سەلماندنی نەتەوەیەك، بووە بە جێگای شانازیی ڕۆڵەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینێ.

باس لە کۆماری کوردستان و باس لە قازی محەممەد، بە بێ باس کردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی کورت و باسێکی ناتەواو و باسێکی ناکامڵە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو ئۆراگانیزاسیۆنێکی مۆدێرن کە خەڵك و هێزە تێکۆشەرەکان لە دەوری یەك کۆ دەکاتەوە و ڕێکیان دەخات و لە پێناوی یەك ئامانجی هاوبەشدا بەرنامەیان بۆ دادەڕێژێت، دەیکات بە خاوەنی ئۆرگانیزاسیۆنێکی داهێنەر، بە بێ حیزبێکی وەها کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ناخوڵقێت، بۆیە دەڵێین کۆماری کوردستان، پێشەوای نەمر و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سێ ڕەهەندی تەواوکەری یەك دیاردەی مێژوویی سیاسین، نە لە یەك جیا دەکرێنەوە و نە بێ یەك لەوان دەکرێ باس لەو مێژوویە بکەین، بە تەواوەتی و بە کامڵی پێکەوە دەبن بە یەك دیاردەی گرینگ.

هەروەها یاد کردنەوە لە کۆماری کوردستان بە بێ یادکردنەوە لە ڕۆڵ و کاریگەریی کۆماری کوردستان لە سەر بیری نەتەوەیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەك کوردستانی عێراق، تورکیە و سووریە و بە بێ ئاماژە کردن بە دەوری شۆڕشگێڕان و تێکۆشەرانی ئەو بەشانە لە کۆماری کوردستاندا، باس کردنێکی ناقس و ناکامڵ دەبێت. کۆماری کوردستان لەو چرکەساتەی مێژوودا کە دادەمەزرێت لەناکاو و بێ پێشینەی مێژوویی نەبووە. هەر وەك دەزانین خەباتی نەتەوەیی لە کوردستاندا لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خەباتێکی دوور و درێژە لە کوردستانی باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا لە هەموو بەشەکاندا خەبات هەبووە، تێکۆشانی نەتەوەیی هەبووە و لە قۆناغی جۆربەجۆردا و لە هەر قۆناغێکدا یەك لە بەشەکان پێشەنگ و پێشەنگایەتی خەباتی کردووە.

کۆماری کوردستانیش دەتوانین لە درێژەی ئەو خەباتە نەتەوەییە لە سەرتاسەری کوردستاندا ببینین. بەڵام خودی دامەزرانی کۆماری کوردستان و ئەو هێما و سیمبولانە کە لە کۆماری کوردستاندا لەدایك دەبێت، کاریگەری لە سەر بیری خەباتگێڕانە و نەتەوایەتی تێکۆشەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەدا دەبێت، کە دەبینین پێشمەرگە، سروود و ئاڵا و ناو و هێمای کۆماری کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەنگ و ڕەنگ دەداتەوە، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەکوو هێمایەکی نەتەوایەتی کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

هەروەها لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا تێکۆشەرانی کورد دەور و ڕۆڵییان هەبووە و لە هەموو بەشەکانەوە تێکۆشەرانی کورد هاتونەتە مەهاباد و لە کۆماری کوردستاندا لە دامەزراندنیدا لە سەقامگیرکردندا و لە شەڕکردن لە پێناو مانەوەیدا دەوریان هەبووە.

هاورێیان، دوای باسکردن لە کۆماری کوردستان و باسکردن لە هەل و دەرەتانە مێژووییەکەی ئەو سەردەمە، دەگەینە ئەو خاڵە کە لە ئێستادا دۆخی کورد چۆنە و گوێگرتن لە وانەکانی کۆماری کوردستان چیمان پێ دەڵێن؟لە ئێستادا کە شەڕ و کێشەیەکی قووڵ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرقەرارە و لە هەموو بەشەکاندا کورد بەرەوڕووی دەرفەت و هەڕەشە دەبێتەوە، دۆخەکە چیمان لێدەخوازێ؟ ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگای پێشەوا قازی محەممەد و ئۆگرانی کۆماری کوردستان دەبێ لەم دۆخە ئاڵۆزەدا خۆمان وەکوو کورد ببینینەوە. دەبێ بەرژەوەندی و مەترسییەکان لە چاوی نەتەوەی کوردەوە ببینین و ببینە فاکتەرێکی سەربەخۆی کوردی، نەک درێژکراوە و دارەدەستی دەوڵەتان و هێزە دژی کوردییەکان.

ئەرکە گرینگەکانمان لە پێشدا پێکەوە بوون و هاوهەڵوێستیی سیاسیی کوردییە کە هەموو بەشەکانی کوردستان پاڵپشتی یەک بین. لە دوایەشدا لە هەوڵی دەستخستنی مافەکانی نەتەوەکەماندا بین و لە ئامرازە بەردەستەکان بە شێوەی دروست بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی کوردستان کەڵک وەر بگرین.دواتریش هەر پارچەیەکی نیشتمان خۆی بڕیاردەری چارەنووسی خۆی بێ؛ دەستێوەردانی نابەجێ و دەستەوەستانیی سیاسی و بێدەنگی زەربەی ئەساسیمان لێدەدا.ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دامەزرێنەر و درێژەدەری کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لە پێناوی کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتە مێژووییەکان و لە پێناوی خولقاندنی دەرفەتی شۆڕشگێڕانە و خەباتکارانەدا، دوو ساڵە کە لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا دەور دەگێڕین و دەمانەوێ، بە ئامادەیی پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا و بە بەشداریی خەڵک لە خەباتدا، وەرزێکی دیکەی خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد وەپێش بخەین و ڕێگە نەدەین فاکتۆری سەرەکیی کوردبوون و کوردستانی بوون، پەراوێز بخرێ و لە مێژوودا ون ببێ. هەروەها هاوئاهەنگیی سیاسیی هەموو ڕێکخراوەکانی هەموو بەشەکانی نیشتمان بە گرینگیەکی مێژوویی دەزانین، تاکوو هەم لە نێو خۆماندا تەبا و ڕەبا بین و هەم بەرەوڕووی دوژمنانمان یەک هەلوێست بین تاکوو نەتوانن پەرتمان کەن و زاڵ بن بەسەرماندا.

لە کۆتاییدا بەبۆنەی ٧١ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو گەلی کورد دەکەین، پیرۆزبایی لە ئێوە خوشکان و برایانی باکوورمان.

پیرۆزبایی لە هەموو ئەمەکدارانی کۆمار، پێشمەرگە و ئالای کوردستان، و سڵاو لە گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدانەی کە بە گیانبازی و فیداکاریی خۆیان پاریزگارییان لەو دەسکەوتە بەنرخانەی کورد کرد.

یادی پێشەوا بەرز و پیرۆز،
بە هیوای وەدیهاتنی
ئامانجەکانی کۆماری
کوردستان لە هەموو بەشەکانی
نیشتمان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی
ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٠ی ژانویەی ٢٠١٧
یەکی ڕێبەندانی ١٣٩٥

## ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان بەڕێوە چوو

لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد، لەلایەن پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە شاری ئامەدی کوردستانی باکوور بەرز ڕاگیرا.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا و بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان و نوێنەری ڕێکخراو و لایەنەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ٧١ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، لە بارەگای تایبەتی پارتی سۆسیالیستی کوردستان بەڕێوە چوو.

لە سەرەتادا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و پاشان "وەدات دەدە"ی سەرۆکی لقی ئامەدی پارتی سۆسیالیستی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەشی بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرد.

ناوبراو لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە؛ کۆماری کوردستان لە دەرەنجامی شەڕی نێوخۆیی و دەرەوەی ئێراندا سەری هەڵدا و هەر لە دەرەنجامی ئەو شەڕانەشدا هەرەسی هێنا.

وەدات دەدە باسی لەوە کرد کە؛ کۆماری کوردستان کە ماوەی ١١ مانگ حوکمڕانی کرد، بە هۆی چەند فاکتەرەوە ڕووخا کە سەرەکیترینیان ڕووسیە و وڵاتانی دیکەی زلهێزی جیهانی بوون کە کۆماری کوردستانیان لەوکاتەدا بەتەنیا بەجێهێشت. هاوکات چەند عەشیرەت و تایفەی کوردیش هەبوون کە سەرەتا پشتیوانییان لە کۆماری کوردستان کرد، بەڵام دواجار هەڵوێست و ڕێبازەکەیان گوڕی و لە جیاتی پشتیوانی لە کۆماری کوردستان، پشتیوانییان لە ڕێژێمی پاشایەتی کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری ڕێوڕەسمەکەدا، لە ڕێگەی داتاشۆوە دێکیۆمێنتارێکی تایبەت بە ٢ی ڕیبەندان نیشان درا.

دواتر ڕۆژنامەڤان و ئاکادێمیسیەنی کوردستانی ڕۆژهەڵات "بێهرووز شۆجاعی" چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشداران کرد کە تێیدا پیداگریی لەسەر چەند خاڵی بەهێزی کۆماری کوردستان کرد.

شۆجاعی ڕایگەیاند کە؛ ڕێبەرایەتی ئەوکاتی کۆماری کوردستان گرینگییەکی زۆر تایبەتییان دابوو بە ژنان و لاوان و هەر لەو پێناوەدا یەکیەتیەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراندووە. ئەوە لەکاتێکدایە کە نەتەنیا کوردستان، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی لە ژێر کاریگەریی مەنتالیتەی دژە ژن بووە و مافەکانی ژنان بە تەواوی پێشێل کرابوون.

بێهرووز شۆجاعی سەرەڕای ئەوە کە تیشکی خستە سەر دێموکراسی و پەروەردە و دادوەری لە کۆماری کوردستاندا، باسی لە ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانی وەکوو سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی کۆماری کوردستان کرد و ڕایگەیاند کە؛ هەر ئەوەش بوو بە بناغەیەک بۆ کۆماری کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن "ڕەمەزان مۆرای" ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی پارتی سۆسیالیست خوێندرایەوە.

ڕێوڕەسمەکە بە سەمفۆنیای هونەرمەند "دلشاد سەعید" بە ناوی پێشمەرگە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە ڕێوڕەسمی یادی ٢٥ ساڵەی شەهید عومەر دەبابەدا کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەشداریی لە ڕێوڕەسمی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدکرانی عومەر دەبابەدا کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی لێژنەی باڵای بەڕێوەبەریی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدکرانی عومەر دەبابە، و مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری کۆیە، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەشدارییان لەو ڕێوڕەسمەدا کرد.

ئەم ڕێوڕسمە لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

پاشان ئەم وتارانە لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لەو ڕێوڕەسمەدا پێشکەش کرا:

- وتاری قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- وتاری مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی (ی ن ک)
- وتاری پارتی دێموکراتی کوردستان
- وتاری حیزبی شیوعی کوردستان
- وتاری مەڵبەندی یەکیەتیی لە کۆیە
- وتاری بنەماڵەی شەهید عومەر دەبابە

لەم ڕێوڕەسمەدا فیلمێکی دێکیۆمێنتاری تایبەت بە کۆچی دوایی شەهید عومەر دەبابە کە تێدا بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی لەسەر کەسایەتی کۆچکردوو قسە دەکات پیشان درا.

هەروەها لەو مەڕاسمەدا ئاماژە بە پایەمی هاوخەمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا و دواتر تاجەگوڵینەیان لە سەر گڵکۆی ناوبراو دانا.

# گۆڕینی ڕێژیمی ئێران لە لایەن دەوڵەتی ئامریکاوە

## وتووێژ لەگەڵ "ئارەش ساڵح" نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا



**ئارەش ساڵح: حیزبی دێموکرات نەبزی کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش لەو ئەگەرەدا ڕۆڵی ڕێبەرایەتی گۆڕانکارییەکان لە نێو نەتەوە بندەستەکاندا دەگێڕێت.**

**وتووێژ: جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**

**پرسیار:** لە دوای هاتنەسەرکاری ترامپ و واژۆکردنی چەند بڕیاری وەک "ممنوع الورد کردن اتباع ٧ کشور مسلمان" نارەزایەتی بەرینی ئەو وڵاتانە و بەتایبەت ئێرانییەکانی لێکەوتەوە و وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێرانیش هەڵوێستی بەرانبەری گرت، ئەم بڕیارە چ کاریگەرییەکی هەبووە؟

ئەم بڕیارە نارەزایەتییێکی بەرینی، چ لە نێو خۆ و چ لە دەرەوەی ئامریکا، لێکەوتەوە. هۆکارەکەشی زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە لایەنە دژبەرەکانی ترامپ ئەو بڕیارەیان بە ناوی پێشگرتن لە موسڵمانەکان ناو برد. بە باوەڕی من شتێک کە کەمتر ئاماژەی پێ کرا ئەوە بوو کە تا ئێستا کە موسلمانەکان کە ناویان زیاتر گرێدراوی تیرۆریزم بوو بەم بڕیارە لە ئاستێکی نێودەوڵەتی وەکوو قوربانییێک کەوتنە بەر چاو و خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری دنیا هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ موسڵمانەکان دەربڕی. ئەوەی کە دنیای ڕۆژئاوا بە دەنگێکی بەهێزەوە هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی ترامپ پێشان دا دەتوانێت هاوسۆزییێک پێک بێنێت کە لە درێژخایەن دا ببێتە هۆی کەم کردنەوەی ڕادەی زێنۆ فۆبیا و لایەنە دژە ڕۆژئاواییەکان لە ناو دنیای ئیسلام دا. ئەگەر لە دنیای ئیسلام دا پێشتر کاری لەم چەشنە بە نیسبەت توندئاژۆیە ئیسلامیەکان کرابا، واتە کۆمەڵگای مەدەنی و خەڵکە ئایینیەکان جەماوەریان لە دژی داعش و ئەلقاعێدە بهێنایە سەر شەقام لەوانەیە ئەمڕۆ ترامپ بە پێویستی نەدەزانی ئەو بڕیارە بدات.

بە نیسبەت ئێرانەوە دەبێت بڵێم کە لابی کۆماری ئیسلامی لە ئامریکا بە توندی لە ڕێگەی دەستووپێوەندیەکانیەوە لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تویتر و فەیسبووک خەریکن لە دژی ئەو بڕیارە هەڵوێست دەگرن و لە بەرامبەری دەوەستنەوە کە بە باوەڕی من دوو هۆکاری هەیە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئەوان دەیانەوێ چەڵمە لەبەر دەم ڕەوایی ترامپ بۆ بڕیارەکانی داهاتووی لە هەمبەر ئێران پێک بێنن. هەروەها ئەوان بە شێوەی تاکی لە چەند لاوە بەرژەوەندیەکانیان کەوتۆتە مەترسیەوە بۆ وێنە هاتووچۆی بەشێکیان بۆ دەرەوەی ئامریکا کەوتۆتە مەترسیەوە و کارکردیان لە ئامریکا بۆ کۆماری ئیسلامی تەوجیهێکی نەماوە . بۆیە کاریگەرییێک کە ئەم بڕیارە بە نیسبەت ئێران هەیەتی ئەوەیە کە ئاڵۆزیەکانی نێوان ئێران و ئامریکا زیاتر دەکات و زەمینە بۆ گوشاری زۆرتر لەبارتر دەکات.

**پرسیار:** باس لە پڕۆژەی چالاک کردنی گۆڕینی ڕێژیمی ئێران لە لایەن ئامریکاوە، دەسەڵاتداران و لابییەکانی ڕێژیمی لە دەرەوەی وڵات تووشی نیگەرانی کردووە و بە توندی دژی ئەو پڕۆژەیەن و بەردەوام باس و لێدوانی لە سەر دەدەن، هۆکاری ئەم نارەزایەتی و تووڕە بوونە چیە؟

هۆکارەکەی روونە، ئەوان لابی کۆماری ئیسلامین و دەبێت پارێزەری بەرژەوەندیەکانی ئەو بن. بەڵام ئەگەر بە ورد تر باسی ئەم بابەتە بکەین پێویستە بڵێین کە ترامپ چەندین جار باسی لەوە کردووە کە لایەنگری گۆڕینی ڕژێم و نەتەوەسازی نیە. ئەو چەندین جار ڕوونی کردۆتەوە کە ئامریکا نابێت ڕێژێمەکان بگوڕێت و ئامریکا پۆلیسی جیهان نیە. بەڵام لە لایەکی ترەوە هەڵوێستە توندەکانی ترامپ دەتوانێت بازاڕە نێونەتەوەیەکان بە نیسبەت ئێران هەستیار تر بکات و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەست بە ئەو ئاسایشە نەکات کە لەگەڵ ئێران مامەڵە بکات یان سەرمایەی دەرەکی هەست بە سوباتی پێویست نەکات کە بەرەو ئێران بێتەوە. بۆیە هەڵوێستەکانی ترامپ و هەڵوێستە توندەکانی بەشێک لە ئیدارە و کۆنگرە دەبێتە هۆی ئەوە کە کاریگەری لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێران کەمتر بێتەوە و ئێران نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. ئەمەش کارامەیی ئێران لە بەرامبەر سەرهەڵدانی ناوخۆ بەگشتی و ڕاسان بە تایبەتی دێنێتە خوارەوە. هەروەها لەگەڵ بەهێز بوونی ڕاسان و توند بوونەوەی هەوڵەکانی ڕێژیم لە کوردستان بۆ سەرکوت، ئەو ڕێژیمە لە تاران و لە ناوەند بەرەوەڕووی قەیرانی جیددی دەبێتەوە. بۆیە ئەوان دەزانن کە ئەم کێشانە گرێدراوەییێکی زۆریان پێکەوە هەیە و بۆیان ڕوونە لەو سەردەمەی کە خامنەیی خەریکە دەمرێ پێویستیان بە کەمترین قەیران و زیاترین سەرچاوە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگا هەیە و بۆ ئەو مەبەستە پێویستیان بەوە هەیە کە لانی کەم پێوەندیان لەگەڵ دنیای دەرەوە بگەڕێتەوە بۆ نەوەدەکان بەتایبەت پێش دادگای میکونوس.

**پرسیار:** سەرجەم فارسەکانی کە باس لە دێموکراسی بۆ ئێران دەکەن، لە هەمان کاتدا بە توندی دژی هەر چەشنە چالاکیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتن و سیاسەتەکانی ئامریکا وەک دینامیزم و پشتیوانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆ تجزیەی ئێران دەزانن، هۆکاری ئەم بیر و بۆچوون و نارەزایەتیە چیە؟

ئەم جۆرە هەڵوێستانەی لایەنەکانی ناوەند و تەنانەت هەندێ هەڵوێستی لایەنە کوردەکانی دژی ڕاسان دوو هۆکاری تایبەتی هەیە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئەوان بە هۆی ئەوەی کە کەلتووری دێموکراتیک لە ناویان دا ڕەگ و ڕیشەی نیە ترسیان لە هەر چەشنە گۆڕانێک هەیە کە خۆیان پێکهێنەری نەبن و خۆشیان ئەوە دەزانن کە ناتوانن پێکهێنەری گۆڕان بن بۆیە ترسیان لە جووڵانەوەی لایەنە بەهێزەکان و بە تایبەت ترسیان لە ڕاسان هەیە. ڕاسان توانیویەتی لە ناو کۆمەڵگادا جووڵە پێک بێنێت و جەرەیان وەڕێ بخات. لە ناو هونەرمەندان و ڕۆشنبیرەکاندا و لە ناو خەڵکی ئاساییدا و لە ناو ئەحزاب و لایەنە سیاسی و مەدەنیەکاندا باسی دروست کردووە و لاوەکان بە ڕێژەییێکی کەم سابقە خەریکن ڕوو لە ڕیزەکانی پێشمەرگە دەکەن یان بە هەرچەشنێک کە دەتوانن تێکەڵ بە ڕاسان دەبن. بۆیە هێزی ڕاسان بۆ بەسیجی هێز و کۆ کردنەوەی کۆمەڵگا لە دەوری خۆی زۆر کەسی تۆقاندووە. کە بە باوەڕی من ئەم ترسانە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە هەڵەیە. چوون هەروەها کە ڕێبەرایەتی حیزب و بە تایبەت شەخسی سکرتێری حیزب چەندین جار باسی کردووە حیزبی دێموکرات پێی وایە کە ڕاسان هەوڵێکە بۆ ڕزگاری بۆ هەموو کوردستان و هەروەها هەوڵێکە بۆ بەرزکرنەوەی ئاڵای ئازادی لە هەموو ئێراندا، هەروەها چەندین جار باس لەوە کراوە کە لایەنەکانی تریش هەن و بەهەرچەشنێک کە ئەوان بە پێویستی دەزانن،ڕاسان شوێنی هەیە بۆ هەموو کەس یان ئەوان دەتوانن پرۆژەی خۆیان بەڕێوە ببەن. هەروەها ئەمە روونە کە سەرکەوتنی ڕاسان بە دڵنیایەوە سەرکەوتنی هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی کوردستانە.

هۆکاری دووهەمی ترس لە ئەو شتەی کە لایەنەکانی ناوەند بە تەجزیە ناوی لێ دەبەن ئەوەیە کە ئەوان دەزانن بزاڤێک وەکوو ڕاسان کە هەم دەتوانێت ببێتە هۆی بەرز کردنەوەی وشیاری نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێراندا و هەم دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێزبوونی هێزی پێشمەرگە، ئەو ستەمە نەتەوایەتیە درێژخایەنە کە لە ئێراندا سەقامی گرتووە دەخاتە مەترسیەوە و چەوسانەوەی نەتەوەکان لە لایەن نەتەوەییێکەوە کۆتایی پێ دێنێت. واتە ئەوان دەزانن ڕاسان بە زەق کردنەوەی شوناسی نەتەوەیی "کوردی ئازاد" لە بەرامبەر شوناسی نەتەوەیی "کوردی ئێرانی" هەروەها بە بەخشینی هێزی سەربازی بەو شوناسە ئەو پێوەندیە درێژخایەنانە کە لەسەر بنەمای سەردەستی ئەوان و ژێردەستی ئێمەن کۆتایی پێ دێنێت؛ بۆیە ئەوان ترسی سەرەکیان لەوەیە کە ئەو سەردەستیەیان لە کیس دەدەن. ئەوان هێشتا پێیان وایە ئێران پاشماوەی ئیمپراتووری فارسە و وشیاری نەتەوەیی گەلی کورد دەتوانێت پێوەندی و مێکانیزمە ناوخۆییەکانی ئەو ئیمپراتووریە لە ناوبەرێت کە زۆر ڕاستە. سەرهەڵدانی کورد کە ئەمجارە لە قالبی ڕاساندا دارێژراوە دەتوانێت کۆتایی بەو پێوەندیە سەردەستی و ژێردەستیە بێنێت کە مێکانیزم و پێوەندیە ناوخۆییەکانی هەر ئیمپراتوورییێک پێک دێنێن.

**پرسیار:** باس لە "برخوردی نظامی" لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و هەروەها پرۆژەیەک بۆ پێشگرتن لە "نفوذ ایران" لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراوە و لەو پێوەندییەشدا لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی هاو ڕان، تا چەند ئەم سیاسەتە عەمەلی دەکرێت؟

لە ئاکامی عەمەلی کردنی ئەو سیاسەتە، ئێران زیاتر دەکەوێتە ژێر گووشار و دەستێوەردانی لە ناوچە تووشی قەیران دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر لە بیرتان بێت سیاسەتی ئامریکا لە گۆڕینی ڕێژیمی ئێران لە سەردەمی وەزارەتی دەرەوەی کاندۆلیزا ڕایس کرا. بە گۆڕینی هەڵسووکەوتی ئێران و ئێستاش وا دیارە باس لەوە دەکرێت کە ئەو سیاسەتە بگۆڕدرێت بە پێش گرتن لە نفووزی ئێران. بە باوەڕی ئێمە هیچکام لەو سیاسەتانە ناتوانن سەرکەوتوو بن. هەر بەوچەشنە کە سیاسەتی گۆڕینی هەڵسووکەوتی ئێران نەیتوانی سەرکەوتوو بێت هەر بەوچەشنەش پێشگرتن لە نفووزی ئێران سەرناکەوێ. هۆکارەکەی زۆر ڕوونە ئەویش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی چ لە پێکهاتەی و چ لە ئایدۆلۆژیدا ئیمکانی ئەوەی کە گۆڕانی بەسەردا بێت نیە و پێشی وایە دەبێت بۆ پاراستنی خۆی زیاتر لە ناو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە ناو دنیا دا دەستێوەردان بکات و بە پێی ئەدەبیاتی خۆیان شۆڕشە ئیسلامیەکەیان هەناردە بکەن. بۆیە بە باوەڕی ئێمە تەنیا یەک ڕێگا هەیە بۆ بەرنگار بوونەوە لەگەڵ مەترسیەکانیئێران ئەویش سەرهڵدانی نەتوەکانی بندەستی ئێرانە؛ ئەگەر کۆمەڵگای نێونەتەوەییش دەیەوێت کارێکی ڕیکووپێک بکات پێویستە یارمەیدەری ئەو نەتەوانە بێت.

پرسیار: ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لە بەرچاوگرتنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، لە ئەگەری گۆڕانکارییەکان لە ناوچەدا دەبێ چی بێت؟

حیزبی دێموکرات نەبزی کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش لەو ئەگەرەدا ڕۆڵی ڕێبەرایەتی گۆڕانکارییەکان لە ناو نەتەوە بندەستەکاندا دەگێڕێت. حیزبی دێموکرات ڕۆڵێکی زۆر گرینگی هەبووە لە دامەزراندنی کونگرەی نەتوەکانی ئێرانی فێدێراڵ و ئێستاش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بەڕێوەبردنی ئەو کونگرەیە. ئەو کونگرەیەش ئێستا تەنیا بەرەییێکی دژە ڕێژیمە کە بوونی هەیە. هەروەها حیزبی دێموکرات هەموو کات یارمەتیدەری خەباتی نەتەوەکانیتر لە ناوچەکانیتری ئێران بووە و هەر بەوچەشنەش لە داهاتووش دا دەبێت. بۆیە ئەو پێگە مێژوویە کە حیزبی دێموکرات هەیەتی ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری پێ دەبەخشێت.

**پرسیار:** بە لە بەر چاو گرتنی ئەوەیکە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران لە ماوەی چەند مانگی دیکەدا بەڕێوە دەچێت، سیاسەت و ڕەفتارەکانی ئامریکا بە بەگرتنەبەری سیاسەتی ترامپ دژ بە ئێران تا چەند کاریگەریی لە سەر ئەمنییەتی ئێران لەو هەل و مەرجەی ئێستادا دەبێت؟

تا ئێستا هیچ ئاماژەییێک بەدی ناکرێت کە ئامریکا بیهەوێت ڕووبەڕووبوونەوییێکی نیزامی هەبێت لەگەڵ ئێراندا، بۆیە ناتوانین بڵێین کە ئەو هەڕەشانە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر تێکچوونی باری ئەمنی ئێران دەبێت؛ بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەو هەڕەشانەی کە لە سەر ئێران دەکرێت و بە هۆی ئەو قەیرانە ناوخۆییانە و باری کۆمەڵایەتی بەگشتی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە ئاستێکی زۆر بەرز دایە. ئێران بەو ڕێژەیە کە لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتینێوەڕاستدا بڵاوەی بە سەرچاوە ئابووری و سەربازی و هەواڵگرییەکانی خۆی کردووە تواناییەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی ئاسایشی کەم بۆتەوە. ئەمڕۆ ئێران زیاتر لەوەی کە لە توانایی ئەو وڵاتە هەیە، تێکەڵ بە کێشە بووە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. دیارە هەڵبژاردنیش هەمووکاتێک سەردەمێکە کە سیاسەت زیاتر لە هەرشتێک دێنێتە ناو ڕۆژڤی کۆمەڵگاوە و زیاتر لە هەر کاتێک کۆمەڵگا بە نیسبەت سیاسەتەوە هەستیار دەکاتەوە. بۆیە ئەگەر تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردنددا قەیرانێکیتری ئەمنی بۆ ئێران ساز نەبێت ئەوا پاراستنی ئاسایشی هەڵبژاردن خۆی بارێکی زیاترە بە سەر دەزگا ئەمنیەکانی ئێرانەوە. هەروەها هەڕەشەکانی ترامپ ئەگەر ئاستێکی جیدیتر بگرن دەتوانن کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت هەرچەشنە هەڕەشەییێکی ئەمنی ئاسیب پەزیر تر بکەن.

# بۆ کۆڵبەران

ئەلۆ دایە
دەستەکانم لە گۆ نایە
کۆڵێکـی ڕچیـوی بـەر بارڕنـی لاپاڵەکانـی
هۆمـل و
کەژەکەی چیخی دەورە و
هۆینەماڵ م لەکۆڵ دایە
ئەگەر بێتوو بڕی ڕێ کەم
گوللەی تفەنگی عەجەم نەمپێکێ
لە شاخەوە هەڵنەدێرێم
ڕنوو بەسەرما نەڕووخێ
.....
.. ئەلۆ ڕۆڵە دەنگت نایە
(عومەر غوڵامعەلی)

لەسەر پشتی شێر
نا
هی کۆڵبەر
نان
عاسی بووە لە ژیان
شارستانەتییش بە هەموو فیزی نوێیەوە
بووەتە جەنگاوەری کاهینان ...

(ساماڵ ئەحمەدی)



خاراوی بەشمەینەتیی ژیان
لە گۆ کەوتوون پەنجەکانیان
لەگەڵ تەزینی لاقەکانیان ڕاهاتوون
ژیان
واتە چاوشارکێ لەگەڵ مەرگ...
(ناهید حسێنی)

ئەگەر ئەم کۆڵەی من نەبێ،
پاساژەکان، تەلارەکان باڵا ناکەن،
بازرگانان جەژنی دۆلار بەرپا ناکەن
ئەگەر ئەم کۆڵەی من نەبێ،
لێوی منداڵم یەک بزە و
سفرەی ماڵم نان نابینێ
ئەگەر من و کۆڵباری ناچاریم نەبێ
لافاو چی بکاتە بابۆڵە،
بۆ ناو گەرووی ئەم چۆمانە؟
بەفر داخی کانیی خنکاو
بەسەر کێدا هەرەس بێنێ؟
تفەنگ چی بکاتە نیشانە؟
ئەگەر ئەم کۆڵەی من نەبێ،
منداڵی من سفرەی خاڵی و ماڵم بێبەش لە ژیانە...!
(ڕەحیم لوقمانی)






## سوارە ئیلخانی زادە شاعیرێکی خەباتگێڕ و بەسۆز

سوارە کوری ئەحمەد ئاغای ئیلخانیزادە لە ساڵی ١٩٣٧ی هەتاوی لە گوندی تورجان لە ناوچەی بۆکان لەدایک بووە. پاش ساڵێک لە گوندی قەرەگوێز نیشتەجێ دەبن. سوارە خوێندنی سەرەتایی لە لای ماموستای تایبەتی دەست پێکردووە و پاشان لە بۆکان و تەورێز درێژەی بە خوێندن داوە و لە زانکۆی تاران بڕوانامەی لە بواری یاسادا وەرگرتووە.

شیعر و نووسراوەکانی لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی ئێران وەکوو "سۆخەن" و "کوردستان"دا چاپ کراون. دواتر لە بەشی کوردیی ڕادیۆ تاران دامەزراوە و بۆتە بەرپرسی بەرنامەی "تاپۆ و بوومەلێڵ". لەو ڕێگایەوە بەشێک لە جوانترین شاکارەکانی ئەدەبیاتی کوردیی بەکارامەیی و بە دەنگێکی گەرم بڵاو کردۆتەوە، لە شەوەزەنگی بێدەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شیعر و پەخشانەکانی سوارە بە تایبەت لە نێو لاوەکاندا چرۆی بیر و هزری نەتەوەیی دروست دەکات!

"خەوە بەردینە، شار، کچی بەیان، ئەسکەندەر شاخی هەیە، کەویار و...هتد، لە شیعر و پەخشانە بەناوبانگەکانی سوارەن، شانۆنامەی "سەیدەوان" و لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ ئەدەبیاتی کوردی بە تایبەت ئەدەبیاتی زارەکیی کورد و هەروەها شیعرە فارسییەکانی دەرخەری هێز و توانای شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیرێکە کە جێگای هەردەم سەوز دەمێنێ.

سوارە ئیلخانی زادە(سوارە)، عەلی حەسەنیانی(هاوار)، سێ کۆڵەکەی شیعری نوێی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان پێکدەهێنا و لە گەڵ عومەر سوڵتانی(وەفا) مەیدانی شیعری کوردییان بەرینتر و ڕەنگینتر کرد!

سوارە لە سەردەمی ڕژیمی "شا"دا بە هۆی کورد بوون و ناوەڕۆکی شێعرەکانییەوە تووشی زیندان و ئەشکەنجەی دەکەن. دواجار پاش ئەوەی کە لە نێوان ڕێگای ئیدارەی ڕادیۆ و تەلەوزیۆن و ماڵەکەیدا، لە لایەن هاوکارێکی خۆیەوە بەر ماشێن دەدرێ و چەند ڕۆژ دواتر لە زستانی ١٣٥٤ی هەتاوی(١٩٧٥) ماڵئاوایی لە ژیان دەکات و تەرمەکەی بەرەو بۆکان دەگەڕێننەوە و لە گومبەزی گوندی حەمامیان لە سەر گردی ناڵەشکێنە بەخاکی دەسپێرن. زیرەک و سوارە لە سەر دوو بەرزاییەوە دەڕواننە یەک .سوارەی ژین کورت بە تەمەن درێژی لە ناو فەرهەنگ و ئەدەبیاتدا دەمێنێتەوە، بە تایبەت ئەدەبیاتی گەلەکەی خۆی بەرهەمی چاپکراوی ئەم شاعیرە بلیمەتە بریتین لە:

خەوە بەردینە (سەرجەمی شیعرەکانی کوردی و فارسی)

تاپۆ و بوومەلێڵ (بەرهەمی پێشکەشکراو لە ڕادیۆ کوردیی تاران)

بەشێک لە شیعری "دووی ڕێبەندان"ی سوارە

بیرەوەریی دووی ڕێبەندان
دەمخاتە سەر بەستە و بەندان
ڕێبەندانی ڕێنوێنە
لە داگیرکەر سەرشێوێنە
هەڵات هەڵات لە هەموو دیاران
پێ پلیکەی دێو، تەختی تاران
دوژمنی کورد جێ پێی لێژە
با بگێڕین گەڕەلاوژە
هۆ هۆ شوانە بە نەغمەی تەڕ و پاراووت
بە بلوێری لە خەم و دەردا سووتاوت
باروژێنە گیانی خەوتووی گەزیزەی هەرد
بە (سوارۆ)یێک، بە (حەیران)یێک، دامرکێنە بڵێسەی دەرد

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan · No: 694 · 4 feb 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# هەرەسی ڕنوو و تەقەی هێزە ئەمنیەتییەکان بوونەتە ملۆزمی گیانی کۆڵبەرەکان









بە هۆی بارینی بەفر و هەرەسی ڕنوو لە ناوچە شاخاوییەکانی سەر بە چەند شاری کوردستانی ڕۆژهەڵات، ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆڵبەران و کرێکاران بوونە قوربانی.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندان، ١٢ کۆڵبەری کورد لە شاری سەردەشت بە هۆی هەرەسی ڕنوو بوونە قوربانی.شوناسی ٣ کەس لەو کۆڵبەرانەی کە گیانیان لەدەست داوە بە "دیار محەممەد نژاد" کوڕی هەمزە، تەمەن ١٨ ساڵە و "شێرزاد عەبدوڵلایی" تەمەن ٢٧ ساڵ کوڕی عومەر و "هیوا ئیبراهیمی‌نیا" کوڕی عەبدوڵلا تەمەن ٢٢ ساڵ" ڕاگەیەندراوە.

هەروەها لەم ڕووداوەدا کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی "ڕزگار عەلیزادە" خەڵکی گوندی بێوارانی سەرێ، لاقێکی شکاوە.

بەپێی زانیارییەکان، کۆڵبەرە برینەدارەکان بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانیی شاری سەردەشت کراون.

ئەو کۆڵبەرانە بە یارمەتیی خەڵکی خۆجێیی و شاخەوانان و خەڵکی شاری سەردەشت ڕزگار کراون.

لە هەواڵێکی هاوشێوەدا ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە کە؛ یەکێک لە کۆڵبەرانی کورد کە لە نێو بەفر و کرێوەی سەرما، لە بەرزایی شاخەکانی شاری پیرانشار گیری کردبوو، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی دووشەممە ١١ی ڕێبەندان، سێ کۆڵبەری کورد لە نێو بەفر و بۆران لە بەرزاییەکانی شاری پیرانشار گیریان خواردبوو، کە دواجار یەکێک لەو سێ کۆڵبەرانە گیانی لەدەست دا.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری پیرانشار لەو بارەوە ڕایگەیاندووە: ئومید خزریان ئازەر تەمەن ١٩ ساڵە خەڵکی شاری شنۆ، بە هۆی سەرما و کرێوەی زۆرەوە گیانی لەدەست داوە و دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی مێهران دەرویش پوور تەمەن ١٩ ساڵە خەڵکی شنۆ و جەعفەر عەبداڵ میرئاوا تەمەن ٤٠ ساڵە خەڵکی گوندی جەڵدیان بریندار بوونە و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانیی شاری پیرانشار کراون.

هەر لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی شەممە ٩ی ڕێبەندان، دەستەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی "قەرەدانی بێوارانی سەرێ"ی سەر بە شاری سەردەشت، تووشی هەرەس هێنانی ڕنوو ببوون و بەپێی دوایین ڕاپۆرتی هەواڵنێری کوردپا، چوار کۆڵبەری کورد لەو ڕووداوەدا گیانیان لەدەست داوە.

هەروەها دوو کۆڵبەری دیکە چارەنووسیان لەو ڕووداوەدا ناڕوونە.

ئاژانسی هەوەاڵدەریی کوردپا لە هەواڵێکی دیکەشدا ئاشکرای کردووە کە؛ لە دوو ناوچەی جیاجیا لە شاخەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ٣ هاووڵاتیی کورد بە هۆی هەرەسی ڕنوو گیانیان لەدەست داوە.

لە ڕێگای هەڵەمووتی "ژاڵانە"ی سەر بە بەخشی هەورامانی تەخت، ڕنوو بوو بە هۆی گیانلەدەستدانی دوو کرێکاری بەڵێندەر.

ئەو دوو هاووڵاتییە لە وێستگەی کارەبای شاری سەوڵاوا، لە مەئموریەتێکدا بۆ "چارەسەری کێشەی کارەبای ناوچەی هەورامان" ڕۆیشتبوون بۆ ناوچەکە، تووشی ئەو ڕووداوە ببوون.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری سەوڵاوا، شوناسی ئەو دوو کرێکارە کوردەی بە ناوەکانی "پەیام محەممەدی" تەمەن ٢٣ ساڵ و "داریووش شاکری" تەمەن ٢٦ ساڵ ڕاگەیاندووە.

بەپێی هەواڵی ئەو سەرچاوەیە، ئەو دوو کرێکارە لاوە خەڵکی گوندی "چەشمیەر" بوون.

کەش ناسی کوردستان بارینی بەفری لەو ناوچە بە یەک و نیو میتر خەملاندووە و ئەمەش بووتە هۆی پێکهاتنی ڕنوو لە بەرانبەر گوندی "کەماڵە" و هەرەس هێنانی ئەو ڕنووە خەسارێکی بەرچاوی بە باغی بادام، گوێز و ترێی ئەو گوندە گەیاندووە.

هەروەها، بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو لە ناوچەی چاڵدێرانی پارێزگای ورمێ بە ئاژانسی کوردپا، کرێکارێکی کورد بە ناوی "ناسر" کە تووشی هەرەسی ڕنوو هاتبوو، تەرمەکەی لەلایەن هێزەکانی فریاکەوتنەوە لە ژێر بەفر دەرهێنرا.

ڕاپۆرتی گەیشتوو باس لەوە دەکات کە؛ ناسر بە مەبەستی ڕاو کردن لە گوندی "چەخۆر"ی سەر بە شاری چاڵدێران هاتووەتەدەر و پاش ٢٤ کاتژمێر تەرمی ناوبراو دۆزرایەوە.

لە هەواڵێکی هاوشێوەی دیکەشدا سەبارەت بە هەرەس هێنانی ڕنوو و گیانلەدەستدانی هاووڵاتیان، هەواڵدەریی کوردپا باسی لە گیانلەدەستدانی دوو شاخەوانی کورد بە هۆی شەپۆلی بارینی بەفر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەرزاییەکانی قوڵقوڵەی شاری سەقز کردووە.چوار شاخەوانی کورد کە بۆ سەرکەوتن بە سەر شاخی قوڵقوڵەی شاری سەقزدا ڕۆیشتبوون، تووشی هەرەس هێنانی ڕنوو دەبن و دوو کەس لەو چوار کەسە گیانیان لەدەست داوە.

شوناسی ئەو دوو شاخەوانە کوردەی خەڵکی شاری بۆکانی بە ناوەکانی"هەژیر قادریان" و "محیەدین سەلیمی" ڕاگەیەندراوە.

بە وتەی ئەو سەرچاوەیە، ئەو ڕووداوە کاتژمێر دوو و سی(٢:٣٠) خولەکی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٨ی ڕێبەندان ڕوویداوە.

جگە لە هۆکاری سرووشتیی وەکوو هەرەس هێنانی ڕنوو، یان بەربوونەوە لە هەڵدێر و ڕەوەزەکان و ...هتد، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی گیانلەدەستدانی کۆڵبەرەکان تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیمە لەو کاسبکارانە کە ساڵانە ڕێژەیەکی بەرچاویان بەو هۆکارە گیانیان لەدەست دەدەن.

لەو پێوەندییەدا ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ڕایگەیاندووە کە؛ دەستڕێژی هێزەکانی حکوومەت لە کۆڵبەرانی کورد، لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی بریندار بوونی هاووڵاتییەکی خەڵکی ئەو شارەی لێکەوتەوە.

ئێوارەی دووشەممە ١١ی ڕێبەندان، هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە گەرووی قوڵقوڵەی شاری سەلاسی باوەجانی، کۆڵبەرێکی خەڵکی ئەو شارەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا ئەو هاووڵاتییە بریندار بوو.

هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە ناوی "پەیمان کەرەمی" تەمەن ٢٤ ساڵە خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی ڕاگەیاندووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەو سەرچاوەیە، تەقەی هێزە ئینتزامییەکان بووەتە هۆی بریندار بوونی لاقی چەپی پەیمان کەرەمی.

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی خستەڕوو، ئەو هاووڵاتییە کوردە بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی" حەزرەتی ڕەسووڵ" لە شاری جوانڕۆ کراوە.

لە هەواڵێکی دیکەی پەیوەندیدار بە کۆڵبەران، ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی دیکەی کورد بە ناوی "ڕزگار" خەڵکی گوندی "پێسان" سەر بە ناوچەی تەرگەوەڕ لە گۆندی "کوران" سەر بە ناوچەی سۆما و برادۆست، بەر هەرەسی ڕنوو کەوتووە، بەڵام ئاژانسی کوردپا ئەو هەواڵەی پشتڕاست نەکردۆتەوە.

لە نوێترین هەواڵی پێوەندیدار بە کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد لە سنوورەکانی کوردستان، هەواڵدەریی کوردپا ئاشکرای کرووە کە؛ هەرەسی ڕنوو لە سنووری ورمێ گیانی کۆڵبەرێکی دیکەی کوردی ئەستاند.

ئاژانسی کوردپا باس لەوە دەکات کە؛ بە گیان لە دەستدانی کۆڵبەرێکی دیکە لە شاری ورمێ بە هۆی ڕنووەوە، ژمارەی کۆڵبەرانی گیان لەدەستداو لەم حەوتوویەدا گەیشتە ٦ کەس.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕێبەندان، لە سنووری نێوان ورمێ و وڵاتی تورکیە دوو کۆڵبەری کورد تووشی هەرەسی بەفر بوون کە یەکێک لەو کۆڵبەرانە گیانی لەدەست دا.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری ورمێ ڕایگەیاند: ڕنوو، سەرما و کرێوەی زۆر، گەڕان و پشکنینی هێزە خەڵکییەکانی بۆ دۆزینەوەی تەرمی ئەو کۆڵبەرە لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو کردووەتەوە و هەتا ئێستا تەرمی ئەو کۆڵبەرە کوردە نەدۆزراوتەوە.

شوناسی ئەو کۆڵبەری گیانی لەدەست داوە "ڕزگارساکانی فەر" خەڵکی گوندی "پێسان" لە ناوچەی تەرگەوەڕی شاری ورمێ ڕاگەیەنراوە.

لەو ڕووداوەدا، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی"سەرکار ئەحمەدی" کوڕی سەلیم خەڵکی گوندی "کوران"ی سەر بە ناوچەی سۆما و برادۆست، لە مردن ڕزگاری بووە.